# گەندەڵی، توندژی بەرژەوەندی گەورە و پێوەندیی بە سەرمایەی کۆمپانیاتییەوە لە عێراقدا.. موئەیەد ئەحمەد

لێکۆڵینەوە داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە و هاوپەیمانی کاتی" (بەعس) و دامەزراندنی "دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتی" لێژێر ئیدارەی (پۆڵ بریمەر) فەرمانڕەوای دانراو لە لایەن دەوڵەتی ئەمریکا، و پاشان "ئەنجومەنی حوکمڕانی"، هەروەها بە درێژایی ماوەی داگیرکاری ئاستەوخۆی ئەمریکییەکان و حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی ئەو ماوەیە و دواتری و تا ئێستاش، سیاسەتی ئابووریی فەرمی هەژموونداری داگیرکەرەکان و هێزە بەرژەوەندیی ئیسلامی و ناسیۆنالیستی دەسەڵاتدار، گەینەی ئابووری سەرمایەداری بووە لە عێراق بە ئابووریەکی سەرمایەداریی نیولیبڕاڵ و چەسپاندنی بە شێوەیەکی قووڵ و هەمەلایەنە و خێرا.

لە ماوەی "دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتی" و ئەنجوومەنی حوکمڕانیدا، (پۆڵ بریمەر) سەد بڕیاری دەرکرد کە بەشێکی زۆریان پەیوەندیان بە ئابووری عێراقدا. بەشێک لەو فەرمانانە جەختیان دەکردەوە، بەهەی بوونی ئۆپۆزیسیۆن بۆرامبەریان و ترس لە هووبووونەوەی جەماوەریی بە دژیان. لەنێو ئەم بڕیارانەدا دەرکردنی "یاسای وەبەرهێنانی بیانی" لە لایەن ئەنجومەنی حوکمڕانییەوە لە (٢٠ی ئەیلولی ٢٠٠٣)دا، بوو، کە بەپێی ئەو بڕیارە "هەموو ئەو دامودەزگایانەی کە دەوڵەت خاوەندارییەتیان دەکات، دادەنرێن بە فرۆشتن و بەتایبەتکردن..." .

ئەمە، و حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق درێغییان نەکرد لەوەی کە هەموو ئەو سیاسەت و یاسا و هێکارانەی کە بەرژەوەندی ئەمریکی و هاوڕێکانیاندا و لە ئاستی جیهانیدا لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیە پێش داگیرکردنی عێراق و دەکران بگەڕێنەوە بە عێراق بیانگەڕێتەوە و جێبەجێیان بکات لەم وڵاتەدا. لەوانە، ئەزموونکانی تایبەتکردنی پیشەسازی و خزمەتگوزارییە سەرتایی

گشتیکان، لابردنی قید و بند لسەر نرخی کاکان، دامەزراندنی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی، دەرکردنی یاسای بانکەکان، کردنەوەی "بانکە ئیسلامییەکان"، کەمکردنەوەی بودجەی سیستەمی پەروەردە و تەندروستی گشتی و خزمەتگوزاریيە سەرەتاییەکانی تر، و تێکشکاندنی دەستاتی سندیکا و ڕێکخراوە کرێکارییەکان.

لەم ڕاستایدا، "هەر لە یەکەم ڕۆژی داگیرکارییەوە، بەشێوەیەکی سیستماتیک، کار کرا بە کردنەوەی بازاڕی عێراق بە فراوانی، بە هاوردەکردنی سەرجەم کەرەستەی کشتوکاڵی و پیشەسازی، بە بیانووی دابینکردنی کۆپۆل بە عێراقییەکان، هاوکات لەگەڵ زیادکردنی مووچە و دروستکردنی مەفاهیمی بەکاربردن و گۆڕینی کەمەگا بە کەمەگەیەکی بەکاربەر (استهلاکی). وە بە سڕقامگیرکردنی ئابووری ڕێیع (رینت)، هیچ هەوڵێک بە نرخنکردنەوە و دەستپێکردنەوەی پڕۆژەی ئابووری، پیشەسازی، کشتوکاڵی و خزمەتگوزاری گشتی نەدرا، حکومەتێ یەک لە دوای یەکەکانی عێراق پەداگریيان لەسەر ڕێگریکردن لە وەبەرهێنانی حکومەت لە پرۆژەکانی کەرتی گشتیدا کرد…" . جگە لەوەش دەستەبات بە ئەنقەست کاری کردوە لەسەر دروستکردنی قەیران سەبارەت بە دابینکردنی خزمەتگوزاریيە سەرەتاییەکانی دەوڵەت وەک ئاو، کارەبا، تەندروستی، پەروەردە و خزمەتگوزاریيە کەمەیەتییەکان، ئەمەش وەک بەشێک لە هەماهەنگی بەرەکردنەوەی خشبارەوەی و پڕوپاگەندەی سیاسی بە بە تایبەتکردنی ئاو دامەزراوانەی حکومەت کە ئەم خزمەتگوزاریيانە دابین دەکەن.

لە (حکومەتی ئیاد عەلاوی)وە تا حکومەتەکانی (جەعفەری) و (مالیکی) و (عەبادی) و (عەبدالمەهدی) و (کازمی) و حکومەتی ئێستای (محەمەد شیعاع ئەلسودانی) لە پیادە کردنی ئەم سیاسەت و ڕێبازە نەوستاون و ناوەستن.

حیزبە بەرژوازییە ناسیۆنالیستەکانی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان تەنانەت پێش ڕووخانی ڕژێمیش دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابووریە نیولیبراڵییەکان، بەڵام نەیانتوانی بە قەبارەیەکی فراوان و هەمەلایەنە پەرەیان پێبدەن هەتا دوای ئەوەی کە دەرگاکان بە فراوانی کرانەوە بە دابەشکردنی داهاتی نەوت لەسەر بنەمای پشکی تائیفی و قەومی، و تاکانەکردنی ئاشکرای پشکی هەرەم لە لایەن ئەو دوو حزبە گەندەڵ میلیشیاییەی لەسەر حوکمن، (پارتی) و (یەکێتی).

ئەوەی لەڕدا پەویستە ئاماژەی پێبدرێت، ئەویە کە هەڵکانی ڕژێم

لە هەموو قۆناغەکاندا و لە هەموو ئەو هەلومەرجە سیاسی و ئەمنییە کارساتبارانەی کە عێراق پێیدا تێپەڕیوە، جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەیان درێژەپێداوە، لە کاتی شکستکانی هێزەکانی ئەمریکا، شکستی تایفەگەری، ئێپراسیۆنە تیرۆریستییەکان، شکستی (داعش) و داگیرکردنی یەک لەسەر سێی خاکی عێراق. هەموو ئەمانە بە هەماهەنگی سیستماتیک و ملکەچ بوون بە مەرجەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی ئەنجام دراوە بە ئامانجی لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم سەرمایەداریی بازاڕی ئازاد لە عێراق و "داشتنەوەی ئابووری" بەو پێیە.

هێزەکانی ڕژێم و لایەنگرانیان لە وڵاتانی ئیمپریالیستی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیان درێژەیان بەم هەڵمەتەی "داشتنەوەی ستراکچەری ئابووری"دا لە عێراقدا لە دوو دەیەی ڕابردووەدا، و سیاسەت و پڕۆژەی یاساییان خستەڕوو و جێبەجێیان کردووە، کە دواترینیان "لاپەڕی سپی"یە لەم ڕووەوە. ئەم هێزانە و بەرگریکارانی سەرمایە و سەرمایەداری، لە حیزبە ئێپزسیۆنە ناسیۆنالیست و ئایینی و نیولیبراڵەکان و تەنانەت بەشێک لەوەی کە خۆیان بە چەپ ناودەبەن، هەروەها هێوتە فیکرییە بەرژوازییەکان و هێشنبیرانی ئەم چینە، هاوکات لەگەڵ ئەم هەرشە بە "دووبارە داشتنەوەی ستركچەری ئابووری"، هەڵمەتێی پڕوپاگەندەیی بەردەوامیان دژی سۆسیالیزم و یەکسانی ئابووری نەوان هاووڵاتیان دەستپێکرد کە ئێستاش بەردەوامە. هەموو ئەمانە بەو بیانوەی کە مەدلی ئابووری سەرمایەداری نیولیبراڵ بادەستە لە ئاستی جیهانیدا، و گوایا "سیستەمی سۆسیالیستی" نەیتوانیوە گۆشەی ئابووری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنێت، دیارە مەبەستیشیان لەم سیستەمە "سەرمایەداری دەوڵەتی" بلەکی ڕژهەڵات و ڕژەمی فاشیستی بەعس لە عێراق.

هاوڕکارە ئابوورییە فەرمییەکانی ڕژێم و ئەو بەشە لە ئابووریناسەکانی بەرژوازی کە نوقمی ملکەچی سیاسەت و مەدلەکانی ئابووریی سەرمایەداری نیولیبراڵن، دەستیان کرد بە تێپە لەدان بە ئەم گۆڕانکارییە ئابوورییە سەرمایەداریە نیولیبراڵیە و ئەم هەڵمەتانە بە لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم بازاڕ و لە ئەنجامدا لەبەردەم سەرمایەی تایبەت و جووڵەکێدا بەجۆرێک کە پابەندی هیچ قەیدوبەندێک نەبێت. ئەوەی کە چی ڕووداوە لە ئەنجامی کۆکبوونی سەرمایە و گۆشەی ئابووری سەرمایەداری لە عێراقدا بەپێی ئەم مەدلە نوقمبووە لە گەندەیدا و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە

وەرانکەرەکانی لە هەژاری و زیادبوونی بێکاری و تێکچوونی گوزەران و باری تەندروستی و پەروەردەیی زەرینەی دانیشتووان، نەبوون و نابەتە هەکاری نیگەرانی بێ ئەوان، چونکە وێنەی خۆشخۆیانەی باو لە نەوانیاندا، یان باشتر بڵێین ئەو وێنەیەی کە دەیانەوێت جەماوەری پێ فریوو بدەن، سەبارەت بە گۆشەی ئابووری سەرمایەداری، بەدەر لە ناکۆکییەکان، ئەوان دەیانەوێت وامان تێبگەیەنن کە ئەم جۆرە گۆشە ئابووریە خۆی توانای سەرکەوتنی هەیە، لە ڕێگەی میکانیزمی بازار و ئازادکردنی دەستی سەرمایەوە، بەسەر ئەو کاریگەریە کەمایەتییە "نەگەتیڤانەی" کە لە ئەنجامی ئەوەوە دروست دەبن.

سەبارەت بە گەندەڵی بەربڵاو لە تەواوی ستراکچەری سیستمی پشکپشکەنە، و کاریگەریە وەرانکارەکانی لەسەر ئابووری و ژیان و گوزەرانی زەرینەی دانیشتوان، ئەو ئابووریناسە بەرژوازییانە، گەندەڵی بە دیاردەیەکی نەخوازراوی لاوەکی ناودەبەن کە گوایا دەتوانرێت تێپەڕێنرێت لە پرسەی ئەنجامدانی گۆشەی ئابووری و چەسپاندنی بناغەکانی سەرمایەداری بازاری ئازاد. لەم ڕاستایەدا ئاماژە بەوە ئەدەن کە سەرمایەداری و بنکە کەمایەتییەکەی لە بەرژوازی ناوەنجی (متوسط) بە شێوەیەکی سروشتی "دیموکراسی"یە! بەڵێ سیستەمە ئابووریەکە خۆی میکانیزم بۆ لێپرسینەوە دەرخستنێت و دەسەڵاتی "هەڵبژێردراوی خەڵک"! بە تێپەڕینی کات سنوور بۆ نەخشی گەندەڵی دادەنێ. پاساویان بۆ سەرمایەداری نیولیبراڵ و گەندەڵی و ئاسوارە وەرانکارەکانی، کە خەسڵەتی لکهەڵپیکراون لەگەڵ ئەم سەرمایەداریە کۆنکرێتە لە عێراق، وتنەوەی هەمان ئەو قسە پووچ و خۆافاتانەی بەرژوا ئیمپریالیست و لیبراڵ و بەرگریکارانی سەرمایەداری سەردەمە کە لە سەرەوە ئاماژم پێدان، بەبێ هیچ باسکردنێکی ئەو ڕاستیە کە سەرمایەداری، بە دانپێدانانی هەندێک لە ئابووریناسە بەرژوازییەکان خۆیان، قەیرانێکی کارساتباری خوڵقاندووە کە خەریکە هەڵدەشێ لە مرۆڤایەتی ئێکات لە ڕێگەی هەژاری و نابەرابەری بێ ئەندازە و جەنگ و ماوەرانی و هەڵکشانی فاشیزم و کارساتی ژینگەیی وەرانکەر.

یادەوەرییەکانی تێپەڕاندنی یاسای بێ تایبەتکردنی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت هێشتا لە بیرنەچوونەتەوە کە چۆن پەرلەمانی عێراق، واتە ئەوەی پێی دەوترێ پەرلەمانی "هەڵبژێردراوی گەل"!، ویستی لە ساڵی (٢٠١٨)دا ئەم یاسایە تێپەڕێنێت لە ڕێگەی دامەزراندنی کەمپانیایەکی تایبەتییەوە کە بەپێی ئەو ئەجیندەیە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت لە ڕێگەیەوە ئەبێت واتە لە ڕێگەی "کەمپانیایەکی

نیشتیمانی"وە دەبێت و بەشێوەیەک لەسەدا (٩٠)ی داهاتەکانی دەگوازرێتەوە بە دەوڵەت لە شێوەی باج و باجگەی تری پێ پێچوپەنای نیولیبراڵانە لە بواری بە تایبەتکردندا. ئەم یاسایە، کە (برەمەر) نێیتوانی بیسەپێنی، کەچی پەرلەمانی عێراق، دوای (١٥) ساڵ، دەرفەتی قەستەوە بە ئەوەی جارێکی دیکە پەسەندی بکاتەوە و بیسەپێنی بە سەر جەماوەردا. دادگای فیدراڵی بە بیانووی ئەوەی کە یاساکە نادەستووریە، هەتیکردەوە، بەڵام بە شێوەیەکی سەرکی هەتکردنەوەکە ئەنجامی ترسی ئەم دامەزراوەیە و ترسی هەڵکانی ژیم بووە لەوەی کە جێبەجێکردنی یاساکە ناڕەزایەتی جەماوەریی لە دکەوێتەوە.

بە کورتی، گەورەترین هەرش بە سەر هەلومەرج و ژیان و گوزەرانی جەماوەر لە عێراق لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا لە هەگەی سیاسەتی ئابووریی فەرمی ژەم و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانیەوە ئەنجام دراوە، کە جگە لە سیاسەتی ئابووری نیولیبراڵ و دامەزراندنی مەدیلە ئابووریەکەی شتیکی دیکە نەبووە. ئەو مەدیل و سیاسەتە ئابوریانەی کە زەرەک لە کەمەگاکان و وەاتانی وەران کرد و گەورەترین هەرشی بەرخست بە سەر ژیان و گوزەرانی پرەلیتاریای جیهانی کە ئێستاش بەردەوامە. سەرمایەداری نیولیبرالی جیهانی لە بنەتدا و هەر لە دەستپێکیەوە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، وەک وەامەک بە قەیرانی سیستەمی سەرمایەداری سەریهەدا، و ئامانجی چەکردنەوەی چەوساندنەوەی کرێکاران و کەمکردنەوەی ئاستی خەشگوزەرانی و بژەوی چینی کرێکاری جیهانی بووە، و ئامانجی ڕاکەشانی بژەوی و چارەنوس و کار و خەشگوزەرانی ئینسان بوو بە ژێر کەفی میکانیزمەکانی بازاڕ، و هەروەها کەتاییهێنان بوو بە هەگەی دەوڵەت لە پشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی خەڵایەکان بە هاوەاتیان و کەمکردنەوەی ئەو خزمەتگوزاریانە، ئەمە سەرباری سەرواندنی گورزەکیش لە هەزی سەندیکا و فیدراسیۆنە کرێکاریەکان.

**ستراتیژی ئابووری بەرژوازی و فاکتەری خەباتی چینایەتی**

گرنگترین شت لە هەموو ئەم هەوندە ئابووریانەدا، دەستنیشانکردنی توخمی خەباتی چینایەتییە لەناویاندا. ئەوە ئاشکرایە کە ئابووری بەگشتی و ئابووریی سەرمایەداری بە تایبەتی لە پەیوەندی چینەکان و ناکەکی چینایەتی و ململانێی نێوان ئەم چینانە جیا نییە، و هەر بەوپێیەش جیا ناکرێتەوە لە هاوسەنگی هەزی چینایەتی لە هەر دەخیک لە دەخەکانی پەسەی پەرسەندنی سەرمایەداریدا. بەرژوازی جیهانی و لەکاڵی و داکێکیکارانی بەرژەوەندیەکانی ئەم چینە و نوێنەرانی،

خەباتی نیوان چینەکان وەک فاکتەرێک ناهێنن ناوەوە لە داشتنی سیاسەت و ستراتیژی ئابووریدا، تەنها بۆ ئەوە نابێ کە هەمان ئێم خەباتە کۆنترۆڵ بکەن. ئەوان لە پشدا ململانێی چینایەتی بەردەوامی نێوان کرێکاران و سەرمایەدارن و نێوان کرێکاران و دەوڵەت لە چوارچێوەی یاساکانی خاوەندارێتی بەرژوازیدا لە قاڵب دەدەن، و دواتر لە ڕێگەی یاسای کارەوە و بە ئامانجی دروستکردنی کۆشکی گونجاو بۆ پرسەی چەوساندنەوەی کرێکاران یان ئەوەی ناوی ئەنین "پرسەی وەبەرهێنان" ئەو ململانێیە کۆنترۆڵ ئەکەن. ئێمە جگە لە دامودەزگای دەوڵەت خێی کە لە بنەڕەتدا ئامرازی چەوساندنەوەی دەستی چینی بەرژوازی دەسەڵاتدارە لە دژی چینی چەوساوە.

بۆیە دەبینین بەرژوازی دەسەڵاتدار و ئاوێزکارە ئابووریێکانی، و بانک و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە پلانە ئابووریێکانیاندا خەباتی چینایەتی لەبەرچاو دەگرن و فاکتەری ململانێی نێوان چینەکان لە ستراتیژی ئابووری خێیاندا جێگە دەکەنەوە. هەروەک دەبینین لە عێراق بەردەوامن لە بەکارهێنانی یاسای ئێمی فاشیستی بۆعس بۆ ڕێگریکردن لە پێکهێنانی سەندیکای کرێکاران لە کەرتی حکومیدا، لە لایەک، و لە لایەکی تریش قبووڵ دەکەن کە ئێم ململانێ و خەباتە لە چوارچێوەیەکدا دابنێن و ڕێکبخەن ئەویش لە باشترین حاڵەتدا لە ڕێگەی یاسای کارەوە کە ئەستا کاری پێدەکرێت، و بەهەی ڕەلی بەشێک لە چالاکوانێ کرێکارێ سەندیکاییەکان لە عێراق توانیان هەندێک بڕگەی تەدا جێبکەنەوە لە بەرژەوەندی کرێکاران.

هەروەها شایانی باسە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کە بە هەی ئەوەی تای هاوسەنگیی هێزی چینایەتی نێوان کرێکاران و بەرژوازی بە ئادیێکی زەر لە قازانجی ئێمەی دووەمیان شکاوەتەوە لە هەرێمی کوردستاندا، بەرژوازی قەومی دەسەڵاتدار لە هەرێم، کە نوقمی دوژمنایەتییە لە دژی سۆسیالیزم و بزووتنەوەی کرێکاری، نێک هەر ڕێگری لە پێکهێنانی سەندیکای کرێکاری سەربەخۆ دەکات و تا ئێستاش هەر بەردەوامە لەو کارە، بەڵکو ئەو یاسای کارەش کە حکومەتی ناوەندی پیادەی ئێکات ئێم دەسەڵاتی هەرێم وەلای خستووە و کاری پێ ناکات. فەرمانڕەواکانی هەرێم هەوە دەدەن، لەبری ئەوە، یاسایێکی کاری تایبەت بە هەرێم بسپێنن کە بڕیاری پیداویستیێکانی بەرژوازی کورد، بەتایبەتی بەرژوازی دەسەڵاتداری میلیشیای گۆڕان و سەرمایەی بیانی و "وەبەرهێنانکانیان" دادورابێت، کە تاسەر ئێسک دژ بە بەرژەوەندیێکانی کرێکارانن.

وەک ئاشکرایە، یەکێک لەو پاساوە ئایدیۆلۆژیانەی کە بەرژوازی

نەوەوەتی و داکۆکیکار و نوێنەرە جەراوجۆرەکانی سەرمایەداریی نیولیبرال بەکاریان هێنا و ئێستاش بەکاریدەهێنن بۆ پاساوهێنانەوە بۆ هەرشی سیستماتیکی و بەردەوام بۆ سەر چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی خەباتکارانەکان و سەندیکاکانیان، لابردنی هەموو قۆرخکارییەکی بەردەم میکانیزمەکانی بازاڕ و بۆ تایبەتی ڕاگرتن لە دەستوەردانی دەوڵەت و خەباتی بکەمەری کرێکاران و سەندیکاکانیان لەم میکانیزمەدا. ئەوان بەم شێوازە فریودەرانەیە هاندان بۆ ئەخەن دژی ڕەوتی سەندیکاکان و خەباتی بکەمەری کرێکاران، هەر بەم پێیە خەباتی سەندیکایی وەک قۆرخکارییەک پێناسە دەکەن کە ڕاگری لە بازاڕی ئازادی کار دەکات تا کرێکاران هەزی کاری خۆیان ئازادانە بفرۆشن وەک "تاکی ئازاد"، و خۆشباوەڕی لە نێوان کرێکاران و چینەکانی دانیشتووان بەاودەکەنەوە وەک بێشیک لە ئامادەکاریی و ڕێگەخۆشکردن بۆ جێبەجێکردنی یاساکانیان دژی کرێکاران و سەندیکاکانیان.

لە عێراقدا هێزە داگیرکەرەکان و ڕەوتە بەرژوازییە دەسەڵاتدارەکان پێویستیان بە هاوکێکی زێر نێبوو بۆ وەهمدارکردنی کەمەڕگا و جەماوەری کرێکاران و قەناعەت پێکردنیان بە پلانە ئابووریەکانیان و دوژمنایەتییان بەرامبەر بە کاری سەندیکاکان و خەباتی دەستەجەمعی ڕەکخراوەی کرێکاران، چونکە ژمارەی بەعس پێش تر لە ساڵی (١٩٨٧)دا بە هەوشاندنەوەی کاری سەندیکاکان لە دامەزراوە حکومییەکان و پیشەسازییەکانیدا ئەم ئەرکەی بە ئەنجامدابوون، بە بیانووی گەڕینی کرێکاران بۆ فەرمانبەر. نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە ژمارەی بەعس یەکێک بوو لە دەستپێشکارانی جێبەجێکردنی سیاسەتە نیولیبراڵییەکان لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەدا لە عێراق لە ڕاگەی بۆ تایبەتکردنی بەشێک لە پڕۆژە پیشەسازییە حکومییەکان و قەدەغەکردنی کاری سەندیکاکان لە کارتی گشتیدا، بەڵام لە هەلومەرج و بارودۆخی سیاسی و ئابووری و سەربازی جیاوازی ئەو کاتەدا.

بەم پێیە، چیتر هێزەکانی ئەمریکا و ژمارەی پێویستیان بەوە نێبوو شتێک بکەن جگە لە کارکردن، بێبێ هیچ شەرمەک، بۆ یاسای (صەدام) و جێکردنەوەی لە ستراتیژی چەسپاندنی میکانیزمەکانی بازاڕ و سەرمایەداریی نیولیبراڵیدا، و بەم شێوەیەش ڕاگری بکەن لە هەر چالاکییەکی ڕەکخراوەیی سەندیکایی یان چالاکیی بکەمەری کرێکاران لە کارتی حکومیدا. ئەمش بێ دەرئەنجامەکانیەوە هەر لە سزادانی چالاکوانانی کرێکار لە کارتی پیشەسازی و خزمەتگوزاری لەسەر هەر ناڕەزایەتی و چالاکییەکی ڕەکخراو کە لەدژی تانکردن و فرۆشتنی

کەمپانیاکان و دەرکردنی کرێکاران ئەنجامی دەدەن، و سزای سەرکوتگەرانەی دیکە بەرامبەریان. ئەمش ئارگومێنتی هەڕەکانی دەسەڵات و بەرگریکارانی شەوازی ئابووری نیولیبرال لە عێراقدا تێکدەشکێنیت کاتێک دەڵێن سەرمایەداری "دیموکراسییە" و لە هەمان کاتدا یاساکانی فاشیستەکان دژی کرێکاران جێبەجێ دەکەن بە چەسپاندی "سەرمایەداری دیموکراسی"!

**تێژی گەورە سەرمایەداران، سەرمایەی کۆمپانیاتی و گەندانی چنایەتی لە پێوەندی ئابووری و سیاسەتدا**

لە سەردەمێکدا کە عێراق لە گژوگۆکی کارەساتکانی داگیرکاری و شەڕی تائیفی و ئێپراسیۆنی تیرۆریستی و کەشمەکەشی میلیشیادا دژیا و تا دڵهات دبووە گەپانێک بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ جیۆسیاسی و سەربازی و جیۆئابوورییەکانی وڵاتانی جەراوجێری ئیمپریالیستی و ناوچەیی بەتایبەتی ئەمریکا و ئێران، و جەماوەر بەدەست کارەساتکانی ئەو هێوندە سیاسی و سەربازی و ئەمنییەوە بەردەوام دەیناڵاند، لەجەرگەی ئەو بارودۆخدا بوو ئازارکانی زیاتر و زیاتر دەبوون بەهۆی هەژاری، نەخۆشی، نەبوونی، بێکاری، فراوانبوونی نەخوێندەواری، دامانی خزمەتگوزاری تەندروستی، پەروەردە و خوێندن، و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی دیکە، لە ئاکامی سیاسەتە ئابووریەکانی دەوڵەت و ئەو گەندانکارییە ئابووریە سەرمایەدارییە نیولیبراڵانەی کە وڵات شاهیدی بوو.

هاوکات و وەک لایەنێکی تری "پڕۆسەی سیاسی"، هەمان ئەو هێوندانە ژەمێکی سیاسی سەربازی و میلیشیایی لە وڵاتدا بەرهەم هێنا، و ئەمش زیاتر لە ژێر دەسەڵاتی حزب و هێزە میلیشیاکانی ئیسلامی سیاسی شیعەدا، کە تیایدا حزبە میلیشیا ناسیۆنالیستەکانی کورد و هێزەکانی هێوتی ناسیۆنالیستی عەرەبی لە ناوچەکانی هێژاوای عێراق، لەگەڵیان هاوبەشن. لە ئەنجامی بیست ساڵ تاڵانکردنی سیستماتیکی سەروەت و سامانی وڵات و دابەشکردنی داهاتی نەوت بە شێوەیەکی سەرەکی لەنێوانیاندا و بەپێی سیستمی پشکپشکێنە و لەگەڵگەی میکانیزمەکانی دابەشکردنی حوکمەانی و بەکارهێنەوبردنی کاروباری دەوڵەت لەسەر دەستی ئەو حزب و هێوتە دەسەڵاتدارانە، تێژیک لە بورژوازی گەورە سەریهەداوە لەناو سیستەمەکە و لە ئاستی کەمگادا کە فراوانە و هێگ و ڕیشەی قووڵی هەیە و گرێدراوە بە تێکەڵێکی ئاڵۆز لە ئێوانەی بە دەوروبەریەوەن. ئەم تێژ کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە بازنەی چەتە سیاسیەکان و خاوەن میلیشیا و کەسە گەندەڵە کاریگەرەکان و سەرکردەی حیزبەکانی دەسەڵات و

بنەماڵەکانیان و سەرمایەدارە گەورەکانی دەروبەریانن، ئێستا خاوەنی نزیک سەدان ملیۆن دۆلار، بەڵکو دەیان و دەیان ملیار دۆلارن. بەرژەوەندی چینایەتی سەرمایەدارییانەی قوول و ڕیشەدار ئەم زلهێزە ئابوورییانەی بەیەکەوە گرێدەداتەوە بەدەر لە ململانێی بەردەوامی نێوانیان لە ئاستی سیاسی و پەیوەندیەکانیان بەم هێزی نوێوەتی و ناوچەیی یان ئاوی تریان و بەدەر لە کێشمەکێشەکانیان لەسەر بەشکردنی سامان و دەسەڵات.

لە دەوری ئەم تێزە بەرژوەزییە گەورەیە تێکی بەرفراوان لە بریکار و سەرمایەدارەکانی تری هەمەچێشنە هەیە کە زەربەی جومگە سەرەکییەکانی ئابووری و پێژە ئابووریەکانی حکومەتیان بە دەستەوە گرتووە. سپیکردنەوەی پارە و دزینی ملیارەها دۆلار و بەقاچاخ ناردنی بە دەرەوە بە پاپشتیکردنی ژیم لە ئێران، یان وەبەرهێنانیان لە لایەن ئاوانەوە دوای ئاوی لە پرسیەکی ئاسایشی مامناوەندی دەرەکی و ناوخۆدا سپیکراونتەوە، ئێستا بە ئاستیکی وەها گەیشتووە کە وێنەی کەم لە جیهانی گێندێیدا و هاوشێوەکی کارساتبار لە کەمگا و خۆشگوزەرانی جیاوەر.

وەبەرهێنانەکانی مافیاکانی ناو دەسەڵات و دەوروبەریان لە بوارەکانی جیۆجۆکردنی گرێبەست و پێژەی مەدەنی و سەربازی حکومی، و بازرگانی دەرەوە و ناوخۆی عێراق، یان سپیکردنەوەی پارە لە ڕێگەی جیۆجۆکردنی پێژەی خانووبەرە، مۆ، زانکۆ ئاهلیەکان و خزمەتگوزاری تر، هێروها وەبەرهێنانەکانیان لە کەرتی پیشەسازی، گواستنەوە و کۆمۆنیکەیشن و کشتوکاڵ لە ناوخۆی عێراق، ئەمە سەرباری وەبەرهێنانی دارایی لە بانکە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و دامەزراوە داراییەکان، هەموو ئەمانە نزیک تەنها ڕیزێکی بەرینی لە خاوەن پارە، بەڵکو تێژێکی سەرمایەداری گەورەی دروست کردووە. ئەم تێژە ئێستا وەبەرهێنان لە کەرتە جیاوازەکانی بازرگانی و پیشەسازی و دارایی دەکات و جۆ و کێبڕکێ بوونی سەرمایەکانیان و خولەکانی بە ڕوونی دەرکەوتووە، و لە سەرمایەی بازرگانی و پیشەسازی (کشتوکاڵ و گواستنەوە و کۆمۆنیکەیشن، بەشکن لە پیشەسازی) و دارایی بەرجەستە بوتەوە.

بنچینەی کۆمپانیاتی سەرمایە و بزووتنەوەکەی تەنیا لەم تێژە بەرژوازییە گەورەیەدا قەتیس نییە، بەڵکو لە ئاستی کۆمەگادا لە بواری بازرگانی و پیشەسازی و دارایی کارلێک و تێکەاوبوونی هەیە لەگەڵ ئەو سەرمایەی کە لە کۆمەگەدایە و نیوەی کەی "بەرهەمی گشتی وڵات" پێک ئەهێنێ.

باسی وردەکارییەکانی ئەم پرسە ئاڵۆزی جووڵەی سەرمایە و کۆبوون و گۆڕانکارییە چەناییەتییەکانی لە بازاڕی ناوخۆیی و پەیوەندییە جیهانییەکانیدا، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردی ئابووریی و ئامارەیە، و ئەمەش لە دەرەوەیی فەکەسی ئەم وتارەیە.

ئەوەی مەبەستە لێرەدا ڕوونکردنەوەیە کە لە ئاکامی پرۆسەی ئەو گۆڕانکارییە ئابووریە سەرمایەداری و مەدلەل نیولیبراڵەی جێگیر بووە لەسەرانسەری عێراقدا لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، تەئسیرێک لە سەرمایەدارانی گەورە هاتۆتەئاراوە کە لە بناغەدا لە نێو هێزەکانی ژێمەوە سەریهەڵداوە. ئەم تەئسیرە قەرخکاری جومگە سەرەکییەکانی ئابووری کردووە و پەیوەندی توندوتۆڵی هەیە لە ناوخۆیدا و سنووری دابەشکردنی "پێکهاتە"یی تائیفی و قەومی شکاندووە، ئەمە جگە لەوەی تێکەڵە لەگەڵ سەرمایەی ناوخۆیی چالاکی لە کەرتە ئابووریییە جیاوازەکاندا. ئەو بەرژەوەندییە ئابووریییە بنەڕەتییانەی کە ئەم دەستودایرە دەسەڵاتدارە گرێدراتەوە بەیەکەوە، بواری کردەتەوە و ئەو ئیمکانیەتەی ڕەخساندووە کە ئەو ململانێیانەی ناوبنەاو لە نێوان بەشە پێکهێنەرەکانیدا سەرهەڵدەن کەنتڕۆڵ بکات و نەهێڵێ تەشەنە بکەن، وەک ململانێی نێوان (دەوڵەتی سەدر) و هێزەکانی (چوارچێوەی هەماهەنگی)، یان نێوان (پارتی) و (یەکێتی)، یان ململانێی نێوان هێزە قەومی و تائیفییەکانی تر.

بنکەی کۆمەڵایەتی سەرمایە و چینی سەرمایەدار بەرفراوان و ڕیشەدار و پتەوە لە ناوخۆی وڵاتدا، و پێسەی چەوساندنەوەی چینی کرێکاریش لە سەرتاسەری عێراقدا لە قۆناغی وەبەرهێنانی سەرمایە لە لایەنە ئابوورییە جەراوجۆرەکاندا بەردەوام و ناوستە. ئەو پارێیەی لە گەنجینەی دەوڵەت دەدزرێت و دەگەڕێتە بە سەرمایە لە ئابووریدا، جێستیکی بیانی پێکناهێنی لە پێکهاتەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ئاستی کۆمەڵگادا، بەڵکو ئەو بەشە قەرخکارە پێکئێهێنێ کە ئەتوانێ پەیوەندیی جۆری تایبەت لەگەڵ سەرمایە تاکە تایبەتەکاندا دامەزرێنی لە کەرتە ئابووریە جوراوجۆرەکاندا و بکەوێتەگەڕ وەک بەشی سەرەکی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا. ئاشکرایە، سەرمایە لەپرسینەوە لەخۆ ناکات کە کۆبوونی سەرەتایی خۆی لە کەوە هاتووە بە ئەوەی ببێتە سەرمایەی وەبەرهێنەر و گرنگ نیە بۆی لەڕەگەی چەتایی، یان ئاوەوتی دەریایی، یان تاڵانکردنی داهاتی نەوتەوە هاتبێت.

گەندەڵی و سەرمایەداریی نیولیبراڵ لە عێراقدا بەجۆرێک تێکەڵاون

کە لەیەکتر جیا ناکرێنەوە، بەیە کاریگەریی گەندەڵی و ڕەشەی بەرجەستەی ئەو تەیژەی سەرمایەی گەورە کە لەیەوە سەریهەڵداوە، لە پێکهاتەی سەرمایەی کۆمپانیەتیدا، هیچ گۆڕانکارییەکی جەوهەری لە خەسڵەتی دژە کرێکاری سەرمایەداری لە عێراقدا پێکناهێنی لەووی ئەوەی کە سیستەمێکی چینایەتی دوو چینی دژ بەیەکە.

ئەو سیتسمە ئابوریەی لە عێراقدا هەیە و زاڵە سەرمایەداریە و مەدیلی ئابوری نیولیبرالیزمی هەیە، بەڵام ئەوەی کە فەرمێکی کۆنکریتی داوە بەم سەرمایەداریە جۆرەی سەرمایەیە لە بازاڕێک کە سەرمایەی گەورە و قەرغکراو تیایدا بە شیوەیەکی سیستماتیک لە پەیوەندە بە دەسەڵات و پڕۆژە ئابوری و سەربازی و سیاسیەکانیەوە خەی بەرهەم ئەهێنەتەوە و جیگە و ڕێگەیەکی مانەپەی بە خەی دابین کردووە لە بازاری سەرمایە و ململانێ نیوان تەژەکانی سەرمایەی کۆمپانیەتیدا. ئەم ململانێیەش لەسەر دابەشکردنی زیادەبەهای بەرهەمهاتوو یا بەرهەمهێنراوە لەئایندەدا، زیادەبەهایەك کە لە ئاکامی چەوساندنەوەی چینی کرێکار لەناو پرۆسەی "وەبەرهێنانی" سەرمایە لە بواری بازرگانی و پێشەسازی و خانووبەرە و مالییدا بەرهەم دەهێنرێ.

ئەوانەش هەمووی بەو مانایە کە جەوهەری سەرمایەداری لە عێراقدا هەمان ئەوەی نیزامی سەرمایەداریە لە هەر وڵاتێکی تر، واتە ئەوەی کە سەرمایەی کۆمپانیەتی لە بەرامبەر چینی کریکاردا بەگشتی لە پەیوەندێکی ناکۆك و چەوسێنەرانەدایە و هەموو تەیژەکانی سەرمایە بەگەورە و بچوکەوە هاوبەرژەوەندن لە چەوساندنەوەی چینی کرێکار. هەر بەو پێیەش، باسکردن لە تەیژی سەرمایەی "نیشتمانی" و "نا نیشتمانی" و "بەرهەمی نیشمانی" و "نا نیشتمانی" و لە دوا شیکردنەوەدا "نیشتمان پەروەری" و "خەباتی نیشتمانی" مانایەکیان نیە بە چینی کرێکار جگە لە خەسڵەتی چینایەتی بورژوازیانەی ئەو کۆنسێپتانە کە بە مەبەستی بەلادابردنی خەباتی چینایەتی سەربەخۆ و یەکگرتووی خەیان و چەوساوەکان و نگرتنەبەری کۆنسێپتی سۆشیالیزم و ئینترناسیونالیزمی پرۆلیتاری، داڕژراون.

گۆڕانکاریە ئابووریەی نیولیبرالەکان و کرانەوەی بازاڕەکان بەووی بەرهەمی وڵاتانی جیاوازدا، بە شێوەیەکی سەرکی ئێران و تورکیا، و تەکنەبوونی ئابووری وڵات لەگەڵ جۆرەی سەرمایەی جیهانی و وەبەرهێنانە جەراوجۆرەکانی، بەتایبەتی لە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت وغاز، بەرهەمهێنانی وزە، کۆمنیکەیشن، بیناسازی و کرێستەی بینا و… هتد، بە خەیان و بشێوەیەکی سروشتی

گەشانکاریکی ئابووری هەموو لایەنەن کە سەرمایەی ناوخۆی بۆ جێگەی سەرمایەی جیهانی و گۆڕانکاری سیستەمی مالیەکەی، گریداوەتەوە.

لۆژیکی کاریگەریکانی ئەو پێشهاتە ئابووری و گەشانکاریانەیدا، پەیوەندیی دیالکتیکی نێوان ئابووری و سیاسەت، و لێرەدا مەبەستم پەیوەندی نێوان سیستەمی سیاسی قەومی و ئیسلامی و ئەو واقیعە ئابووریە سەرمایەداریە نیولیبرالەی کە ئەم سیستەمە دەپارێزێت، لە ئێستادا فەرمکی دیاریکراوی بەخۆوە گرتووە و لە قۆناخکی پێشکەوتوودایە، کە دەتوانین بڵێین گەشانکاریکی چەنایەتی بەسەردا هاتووە. گەشانکاریکی لەو چەشنە و بەجۆرێک کە فاکتەری ئابووری ڕاستەوخۆ و بڕیارێکی ووەنتر لە جاران کاریگەری لەسەر سیستەمی سیاسی هەبێت، واتە کاریگەری هەبێت لەسەر بڕەهەمهێنانەوەی سیستماتیکی ژێرەمی سیاسی ئێستا و پێکهێرە (ستراکچەر) پشکپشکێنکەی و دابەشبوونە تائیفی و قەومیەکەی.

بە واتایەکی تر، دوای ئەوەی گەشانکاریە ئابووریە نیولیبرالەکان لە ڕێگەی سیستەمی سیاسی و هێزە داگیرکەرکانی ئەمریکاوە چەسپێنران، ئەم پرسیارە ئەمە و دوای بیست ساڵ لەم گەشانکاریانە گەیشتووەتە دەخکی دیکەی باڵاتر، ئەویش ڕاوستانی ژێرەمی سیاسیە زیاتر و زیاتر لەسەر زەمینەی واقیعی ئابووری نوێ و تەنانەت بەردەوامی پرسیاری بڕەهەمهێنانەوەیەتی لەسەر بنەمای ئەم واقیعە. من پێم وایە پاشکشەی (سەدریەکان) و پاژە پەپلیستیەکیان کە نەگونجا بوو لەگەڵ پەداویستیەکانی جووڵە و کەشکەی سەرمایە بەو شێوە کۆنکریتەی ئێستای لە عێراقدا، هەروەها بوونی یەدەگی دارایی زۆبەلاحی دەوڵەت لە ئێنجامی زیادبوونی بڕەهەمهێنانی نەوت و گرانبوونی نرخی ئێستای لەو هەکارانەن کە بەدیهێنانی ئەم گەشانکاریە چەنایەتیەیان لە پەیوەندی سیاسەت و ئابووریدا خراتر کرد. دیارە هەموو ئەمانە بەدەر لە فاکتەری ئاژەزی جیۆ سیاسی و ململانێی ئایدیۆلۆژیای ئایینی نیوان (سەدریەکان) و هێزەکانی (چوارچیوەی هاوئاهەنگی) و ململانێیان لەسەر دابەشکردنی سامان و دەسەڵات کە بە شیوازی جوراوجۆر بڕەوامن.

بنەمای کەمایەتی سەرمایە لە ناوخۆی هەر وڵاتیکدا لایەنی جیهانی هەیە و سەرمایەی ناوخۆیی پەیوەستە بە جۆری سەرمایەی جیهانییەوە، هەر لەم ڕاستایشدا بورژوازی لە هەزی کەمایەتی جیهانی سەرمایە بەهرمەندە بەووی پرلیتاریادا و ئەمە لە کاتیکدا زیاتر دەر

ئەکەوێت کە پرۆلیتاریا بەوەت سەرمایە بوخێنێ. ئەم پێوەندییە بێیەکەوە گرێدراو و لەکئاڤنراوە جیهانییە لە بواری ململانێی سەرمایەی نێو بازاڕی جیهانیدا خەی بەرجەستە ئەکاتەوە و ڤەنگدانەوەی خەی لە سیاسەت و ململانێی جیە سیاسی و ستراتیژی و شەڤکاندا دەردەخات.

**خەسڵەتی چینایەتی کرێکاری لە خەباتی شەڤشگێڕانەدا**

لەژێر سایەی ئەو هەلومەرج و گەڤانکاریە ئابووری و کەمەڵایەتیانەدا، ئێستا چینی کرێکار و جەماوەری هەژار و پەراوێزخراو ووبەووی کاریگەریێکانی دابەزینی نرخی دیناری عێراقی بەرامبەر بە دۆلاری ئەمریکی بووەتەوە، بەتایبەتی لەم دواییانەدا، و کاریگەرییە ئابووریێکانی گەندەڵی و سەرمایەداری نیولیبرال لەسەر داهمانی ئاستی ژیان و گوزەرانی بە پێست و خوێنیانەوە ئێچێژن. هەر بێیە بەناچاری ئەبە بە سەروکاری هەوەکانی نرخی ئاوگەڵی دراو و ڕەڤی پارە و قاچاخ و سپیکردنەوەی پارەو بن و لە ڕەڤیان بکەننەوە لەناو ئابووری سەرمایەداری و کاریگەرییەکانیان لەسەر ژیانیان.

سەرەڕای هەموو بانگەشەکانی بەرژوازی بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئابووری سەرمایەداری لە ڕووی حیسابەاتی قازانج و زەرەر و تێچووی بەرهەمهێنان و کۆنسێپت و هاوکێشە بیرکاریێکانی دیکەی ئابووری و ئاڤزیێکانی پاکێج و مۆدێلی دارایی و بابەتی تەکنیکی دیکە، ئاشکرایە کە ئابووریی سیاسی لە دواشیکردنەوەدا هەر لە جیگەی خەیەتی و پێوەستە بە خەباتی چینایەتی لەناو فۆرماسیۆنی ئابووری-کەمەڵایەتی سەرمایەداری لە هەر وەاتەکدا لە ئاستی جیهاندا.

هاوسەنگی هێزی چینایەتی لە نێوان پرۆلیتاریا و بەرژوازی فاکتەر و هەکارێکی گرنگە بە دیاریکردنی باری ئابووری و گوزەرانی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان. هەر لەم ڕاستیەدا، ئاشکرایە کە سیاسەتە نیولیبراڵییەکان بە هەی کارەمتربوونیان لە بواری گەشەسەندنی ئابووری و پێوپاگەندە دژینەکانی لەم چەشنە کە لایەن بەرژوازی جیهانییەوە بەاوکرایەوە و ئێستاش دەوترێتەوە، نەهاتە ئاراوە، بەکو لە ئەنجامی قێرانی سەرمایە و سیستەمی سەرمایەداری جیهانی لە ناوەڕاستی هەفتاکانی سەدی پێشووەوە و لە بەرژەوەندی بەهێزکردنی کەڵکەبوونی سەرمایەدا گیراونەتەبەر. لە عێراقدا لە لایەن دەسەاتی ئەمریکا و هێزەکانی ئۆکەوە سپێندراوە، بەو پێیەی سیاسەتێکی ئابووری دارژراوە بە سپاندنی مۆدێلێکی دیاریکراوی ئابووری لە سەرمایەداریدا.

گەینی هاوسەنگی هێزی چینایەتی نیوان کرێکاران و بۆرژوازی دەسەڵاتدار بە قازانجی یەکەمیان کۆفیلە بە وەڵامدانەوەی ئەو نەهامەتی و وێرانکاریەی سەرمایەداریی نیولیبراڵی کە بەسەر چینی کرێکاردا سەپاندوویەتی. جێبەجێکردنی سیاسەتە نیولیبراڵییەکان و سەپاندنی بەسەر کرێکاران و زەحمەتکێشاندا لەگەڵ ئاستەکردنی گورزی یەک لە دوای یەک لە دژی خەباتی یەکگرتووی چینایەتی کرێکاران و جەماوەری هەژار بووە و هەمیشەش هەروا دەبێت، ئەم هەرشە توندکەراوانەی بۆرژوازی تەنیا بە خەڵاگری و پێداگری زیاتر لەسەر بەرگریکردن لە بۆرژوەندییە چینایەتییە سەربەخۆکانی کرێکاران و یەکخستن و پتەوکردنی ڕیزەکانی خەباتیان دژی چینی دەسەڵاتدار وەڵام دەدرێتەوە. و ئەم کاریگەری لەسەر گەڕانی هێوندی ئابووری بە قازانجی چینی کرێکار و بەدەشان دەبیت و لە بۆرژوەندیان ئاشکێنتەوە، بەدەر لە زەبەلاحی هێزی بۆرژوازی دەسەڵاتدار.

هەریەک لە دوو چینە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، بۆرژوازی و پرۆلیتاریا، بەدیلێکی ئابووری جیاوازیان هەیە. بەدیلی پرۆلیتاریا سۆسیالیستی جیهانی بریتییە لە ڕووخاندنی سەرمایە، هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و کۆمۆنیکەشن، ڕێگارکردنی کاری کۆمەڵایەتی لەو فۆرمە سنووردارەی کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا وەک سەرمایە دەیگرێتەبەر و گەڕانەوەی بەرهەمی هەزی کاری کرێکاران بە بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ و ئازاد لە چوارچێوەی میکانیزمەکانی کۆمەڵگایەکدا کە لەسەر بنەمای ئازادی تاک و یەکسانی ئابووری نێوان تاکەکان دامەزراوە.

ڕوونی زیاتر لە پەیوەندی نێوان چین و توێژەکان لە عێراق و پەرەسەندنی جەمسەرگیری چینایەتی لەسەر بنەما و زەمینەی گەڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە نیولیبراڵەکانی سەرمایەداری دوو دەیەی ڕابردوو، و هەروەها تووندوتیژتربوونەوەی دژایەتیی بۆرژوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و زەرینەی جەماوەر لەبەرامبەر چینی بۆرژوازی و هێز و ڕەوت و حزبە ناسیۆنالیستی و ئیسلامییە دەسەڵاتدارەکانیدا، بگەمان کاریگەری لەسەر تایبەتمەندییەکانی خەباتی سیاسی شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵگادا بە گشتی دادنێت.

ئیتر ناکری لاوانی شۆڕشگێڕ لە خولگەی سیاسەت و گەڕانکارییە سەروویی (فەوقی) سیاسییەکاندا بمێننەوە، تەنانەت ئەگەر ڕادیکاڵیش بن، و خەباتیان دابڕاو بێت لە ململانێی نێوان چین و

توڕەکان لە وەتدا. هەر لەم ڕاستایەشدا ئیتر ناکرێ بەبێ بەرگری و بەرجەستەکردنەوەی، سەربەخۆیی چینایەتییان وەک گەنجانی کرێکار و بەشێک لە چینێکی کۆمەڵایەتی کە بەدیلی سیاسیستی خۆی هەیە، خەباتیان بەرەوپێش نەبەن. بەهەمان شێوە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش لە خەباتی چینایەتی خۆیاندا و لە خەباتیاندا دژ بەو ستەم و چەوساندنەوەیەی کە بەسەر ژناندا سەپێنراوە، دەبێ سەربەخۆیی چینایەتی خۆیان وەک ژنانی کرێکار و بەشێک لە خەباتێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی سیاسیستی زامن بکات بێ ئەوەی سەرکەوتوو بێت.

پەرسەندنی خەباتی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان کە ناوستە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، و هەر گەڕانکارییەکی جددی لە هاوسەنگی هێز لە بەرامبەر بەرژوازی دەسەڵاتداردا بە قازانجی ئەوان و سەپاندنی چاکسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەسەریدا، ڕێگا بە گەشەسەندنی زیاتری خەباتی ڕزگاریخوازانە و ئاسۆ و بەدیلی ڕەوتی سیاسیستی لەناو ڕیزەکانی جەماوەری کرێکاراندا دەکاتەوە.

هەر لەم ڕێگەیەوە ئاسەی سیاسیستی پرۆلیتاری و بزوتنەوەی سۆشیالیستی ئەم چینە ئەتوانێ سەرهەڵدەشق و پێشڕەوی مارشی ڕزگاریخوازانەی ڕیزی بەرینی هەموو جەماوەری بەبێش و ئازادیخوازن بێت بە ڕزگاری و خۆش گوزەرانی و یەکسانی و دادپەروەری لەم بنبەستەی کە کۆمەڵگە دەرگیری بووە لە ژێردەستی کاپیتالیزم و نوێنەرە ئیسلامی و قومیەکانی.

٢٠٢٣-٢-٨

---

# جوێنەوە و چاڵ لە ڕەمانی پەپوولەکانی تاریکی.. گەران سەباح

کەیفم بە دەق لەنەو دەق دێ. نووسینی ڕەمان لەنەو ڕەمان کارێکی ئاسان نییە. پەیوستی بە چنینێکی تەکنیکی و سەرداوە. ئەم ڕەمانە

سەرداوی زەرە، نووسەر سەرکەوتوو بووە لە پکگەیاندنی سەرداوکان. ئارام حەمە بەنخش چەند زەمەنێک تکەە دکات (نەوتکان، ٢٠١٤، ٢٠٥٠) بە ئاوی سەر لە خونار بشوونت. (ەەنگ)ی وک سیمبولک بکار بردووە بە دابشبوون (لا١٧)، ناوازەیە. فرەدەنگیی سەحەر، ئاسکەندەر، ساسان، مامەند بەردەشانی، هتد. کارکی جوانە.

پش هەموو شتک با ئاوە ببەنمەوە: پەپوولکانی تاریکی خز نیە. خیالی زانستی پەویستی بە دروستکردنی جیهان هەیە. ەەمان بوە نابیتە خز بەی من لە سالی ٢٠٥٠ی زاینیم و ەەبەت هەیە و خەک سکس لگەە ئامر دکەن و دنیا پشکەوتووە. یان باسی ئامری کات بکی (لا٦٦). لە کتبکدا بە وردی باسی چنیەتی نووسینی خز دکەم. کتبکە ئامادەیە و هشتا چاپ نکراوە. هیوادارم چاپخانەیک چاپی بکات. پش ئاوی ببتە خز ەەمانکە تواو دەبەت. ". . . بە نهنی شو دزەم کردە ناو ئامرکە و ١ی ئگستی ٢٠١٤م هەبژارد و بزونرکەم داگیرساند" (لا٢١٠). پەپوولکانی تاریکی سەتا پنج توخمی خیالی زانستی تدایە، بەەام ئەمە نایکات بە خز.

ستەی یکەم ەووی ەەمانە. ستەی یکەمی پەپوولکانی تاریکی کرچ و ناتواوە: "بە مەیدانی شاردا ادەبورام لەبەر ئاپەەا و هراوزەنای خەکی، کە هەموو حەپساو دستیان بە دەموچاویانەوە گرتبوو، هر خەک بوو بسەر خەکیدا خی هەەدزنا تا لە ناوەەاستی شار تەماشای ئاو دیمەنە قزەونە بکەن کە دواتر زانیم چیە.."

ئگەر خەک دستیان بە دەموچاویانەوە گرتبت، چن دەتوانن بسەر یکتریدا هەبزنن؟ وشەی "لەبەر" پەویستی بە تواوکرە، بە نموونە، دەەی، "لەبەر هراوزەنای خەکی، نەمتوانی باش ببیستم". بیە ئەم ستەیە ناتواوە و دیمەنکەش بە کرچی دگاتە مشکی خونەر.

خەک بسەر خەکی هەەدزنە تا تەماشای شتک بکات. پەویست ناکات خت بشونی چونکە لە دوورەوە دیارە کابرایکیان لە خاچ داوە. دە مەتر بەرز کراوەتەوە، کەواتە پیویست ناکات خەک بسەر خەکیدا هەبزنە (لا٧).

لە لاپەەە (٧) دەەە خولیای مژووە، پاشان لە لاپەەە هشت هەمان شت دووبارە دکاتەوە. لە دوو لاپەەە (٧ و ٨) سە جار دەەە دە مەتر بەرز بوو. لە لاپەەە (٧، ٨ ٩) سە جار دەەە حەپسام بە دیمەنکە، دواتر دەەە سەیریش نبوو چونکە ئاوە سزای ئاو سەردەم بوو (٢٠٥٠). لە سە لاپەەەدا، سە جار دەەە چند پەپوولەیکی ەەشی لسەر

نەخشەنرا بوو. جوینەوەی شتەکان هەمان بەتام دەکات.
کابرا بیست مەتر دوورە، خەڵکەکی زۆر لە پشیوەو وەستاون، چەن کتێبێک پێی و کوتە لای ئەو، دەڵێ چوار مەتر لێیەوە دوورە (لا١١). ئەم دیمەنە قەناعەتی پێ نەکردم.
"دونیا وەران ببوو" (لا١٤). دیمەنەکە هەونە. وشەیلی پاش ئەمە زیادەن (٢٩) وشە.
مادام کەسی یەکەمی تاکە، پەویست ناکات بڵێی، لە خەمم دەپرسی، ئەوە لە بەرکوەکەشدا هەیە. لە لاپەڕە ٢٢یشدا دووبار بووەتەوە. گۆشەنیگای کەسی یەکەمی تاک لە کەڵ ئەو شتانەت دەکاتەوە بەو وەستایانە بەکاری ببەی.
"لە ئابردوودا کەسێک بووم حەزم نەدەکرد پەپوولەیەکیش بمرێت . . . دونیا جەنگێکی گەورەیە و بەشی هەموو مەخووقەکان دەکات" (لا١٥). پاشان لە هەمان لاپەڕە دەڵێت، "ئەم هاوکێشەیە تەنیا بیرکەیەک بوو . . ." چەن؟ دواتر سەیری لا(٥٩) بکە، دیارە تەنیا هاوکێشەیەک یان بیرکەیەک نەبووە.
پەرەگرافی پاشتر یەکسەر دەڵێ، "هەژێک هات دەستم بە خوێن سوور بوو . . . بووم بە جەللاد". چەن؟ دواتر لە کۆتایی (لا١٦) دەبێتە ئەمیر. لە (لا١٢٨) لەوە تێدەگەین کاتە دەچێتە چیچان.
"هەژی ٤ی نیسان ١٩٩٤ بوو، کە هەدی هەدی بەهار ئەیوب خەریک بوو هەستی بەم دەبزوا و خەشی دەویستم . . ." هەدی هەدی خەریک بوو؟ بە یەک هەژ؟ چەن؟
"هەدی هەدی ئارەزووم دەکرد کە ێیش درێژ بکەموە . . ." (لا٥٣). لا(٥٥) من ئەستا وا خەریکە ێیژم درێژ دەبێت" چ زوو بەری داوە و درێژ بوو؟
"من تەیموری بەدبەخت . . . " (لا٥٨) پەویست بوە ناکات تەیمور خەی وا بێ، هەر هەوداوەکان و ژیانی ئەوە پەشان دەدەن.
دوو جار وەسفی بەهار دەکات (لا٢١). هەندە وەسف پەویست ناکات. لە لاپەڕە ٣٤ و ٦١دا وەسفی بەهار دووبار ە دەبێتەوە. لەدانەوەی هەمان قەوان خوێنەر بەزر دەکات.
تیشکی پەپوولەکە زۆر کەمە، چەن توانی لە دووری بیست مەتر لەوسەری تیشکەکە ببینێت؟ (لا٢٣ و ٢٤). قەناعەتی پێ نەکردم.
ساسان قسە لەگەڵ ئەسکەندەر دەکات. زۆر شتی سواو و دووبارەی تێدایە. دایەلەگەکان زۆر درێژن.
وەسفی ئەسکەندەر لە لاپەڕە (٣١)دا هیچ پەویست نییە. دواتر وەسفی پیاوەتی و شەهامەتی زۆر دووبارە دەبێتەوە.
"دواجار هەزی کەشکردنی ژنان . . . لەسەر زەوی ئەنجام دراوە" ( لا٣٧ و ٣٨) زیادەیە، وتارە.

“یەکەمین دەپەی خوێنەر (لاپەڕە ٣٩ و ٤٠) شێوەی هابیل و قابیل”؛ “ئەو هەسارەی زەمینە . . . ‘خوادا سەرقاڵی چییە’؟” لاپەڕە (٧٥، ٧٦، ٧٧)؛ عەزازیل (لاپەڕە ٩٥-١٠١) چیرۆکی دروستکردنی ئادەم و هەڵگیرانەوەی شەیتان. ئەم چیرۆکانە زیادەن. بەو لایانبەرین هیچ لە ڕەهانەکە کەم ناکاتەوە.

مژووی شێوەی براکوژی (لاپەڕە ٤٣) زیادەیە، وتارە. پاشان لاپەڕە (٤٤) دەخی دەروونی و باسکردنی لاکان، وتارە و زیادەن.

ئیبلیس لەگەڵ مامەند بەردەشانی قسە دەکات لە مەیخانە. دواتر لە لاپەڕە (١٥٢)دا ئادەم و ئیبلیس دێنەوە لای. شەیتان پێی دەڵێ لە ناخیدا کۆسایەتییەکی باشە، ئەگەر باشە چۆن ئیبلیش هاتووەتەوە لای؟ ئادەم و ئیبلیس هەک دەکەون لەسەر پشیمانبوونەکەی، چۆن ئیبلیس لە دەگەڵیت پشیمان بێتەوە. شتەکان قەناعەتپێکەر نین.

“منیش کوێکی شەرمن بووم، بەڵام لەبەردەم عەشقی ئەودا نەمدەتوانی شەرم بکەم . . .” (لاپەڕە ٦٠ تێبینووس). بەڵام لە لاپەڕە (٦١)دا دەڵێ، “خەریک بوو لە ترس و شەرم دەبووراموە.” دواتر یەکەک لە شەرمان ببورێتەوە چۆن دەبێت بە شاعیر لەهیکەڵ؟

پەویست ناکات خوێنەری کتێبەکەی غەمگین ئیلیاس دیسان باسی تێیمور بکات، دەبێتە شتێکی دووبارە بە خوێنەری پەپوولەکانی تاریکی (لاپەڕە ٦٤). مادام لە سەرەوە مژوو نووسراوە، پەویست ناکات بڵێی من ئێستا لە ساڵی ٢٠٥٠ زاینیدام، لە لاپەڕە (٢٠٨)یش، هەروا دەڵێ. دیسان “مرۆڤ چۆن ئالوودەی ئامێرکان بووە” سەبارەیە چونکە لە بەشی یەکەم لەوە گەیشتین.

“لە ڕاستیدا گەلی کورد . . .” (لاپەڕە ٨٠) وتارە و زیادەیە. هەموو ئەمانە لە قسەی ئەسکەندەردا دیارە، پەویست ناکات لە شێوەی وتار دووبارەی بکەینەوە.

“عەشق مرۆڤکان وەران دەکات . . . ” (لاپەڕە ٨٣)، زیادەیە، وتارە.

“من بە هاوڕێی ساسان ئارەزوومان لە پیاسە بوو . . .” (لاپەڕە ٨٤)، ئەمە جوینەوەیە، پەشتر ساسان باسی کردبوو.

ئەگەر قسەی زیادە، وتار، جوینەوە، دووبارەکردنەوە، چیرۆکەیلی ئادەم و شەیتان، دایەلۆگی درێژو بێشکی سەفەری چیچان لابەرین، ڕەهانەکە پوخت دەبێ و تامی خۆشتر دەبێ.

# چەمکی پیاوسالاری لە شیعری ( لە بەردەم دیوارەکان ) ی ( سارا فەقێ خدر )..نووسینی: تەلار تاهیر

خوێندنەوەی ئەزموونە شیعرەکانی خاتوو "سارا فەقێ خدر" کەمێك بیرکەی جیاواز و خەیاڵی جوانیان لە لادروست کردم ، بەڵام کەمێك ئاستەم بوو هەموو بیرکە و خەیاڵەکانی خەم یەك بخەمەوە وەك ئەوەی دەمەوێ بینوسمەوە، لە نێو جێناڵی ئەو کەمێک بیرکەیە ئەو شیعرەی "عەبدوڵا گەران"م بیرکەوتەوە کە دەڵێت:

هەرچەن ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بەم ناخرێتە ناو چوار چێوەی هەبەستم

منیش ئەوەی لە بیرو هزرمدا بوو خەی ئادەستی پێنووسکەم نەدەکرد بە پێی پێویست تا لە کۆتادا بوو بەوەی کە ئێستە هەیە.
ئەوەنەی شیعرەکانی "سارا فەقێ خدر"م خوێندەتەوە لە ئەزموونی شیعریەکانی ئابردوو تاکو ئێستەی تایبەتتر لەبەرهەمی (سروودی فەین)، بە زمانێکی زۆر سادە و بە هێستێکی زۆر جوانی ژنانە دەنووسێت، دەتوانم بڵێم زمانی شیعر و نووسینی وەك باڵندە کردەتە دوو باڵ بەسەر ئاسمانی ئوحە تاریکەکان پەیامی ئاشتی و ئارامی و خۆشویستی و ئازادی دەگەیەنێت، هەنگە خوێنەرێکی ئافرەت یاخە هەکەسێکی ئافرەت زیاتر درک بەم بابەتە بکات، هەرچەندە نامەوێ ئەم بکەمە پۆوەرێک بە درێژدان بە بابەتەکە، بەڵام هەنگە بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری خۆی هەبێت، چونکە دواجار لە ژێر سایەی کەمەگایەکی پیاوسالارین
کارێ مارکس لە گوتەیەکدا دەڵێت:
( ئاگەر ویستت هەشنبیری کەمەگایەکت بە دەربکەوێت سەیری ژیان و باردۆخی ئافرەتەکانی بکە، ئەو کات بۆت دەردەکەوێ لەچی ئاستێکی هەشنبیری دان ) ،
لە بەرهەمی"سروودی فەین" سارا فەقێ شیعرێکی کاریگەری هەیە بە ناوی( لەبەردەم دیوارەکان)، کە باسی ژیان و بارودۆخی ئافرەت دەکات کە چۆن لە ژێر چەتری عەقڵیەتی پیاوسالاریە هەوێی رزگاربوون دەدەن ئاگەر لە خۆنیشدا بێت.

بە نموونە کاتێ دڵێت:
دیوارەکان ئەستەمن
ناشتوانم لەو دیوی دیوارەکانەوە سەیرتکەم
دوو ڕیانەکە ..
ژیانێکی ڕووکەش لەتەک دیوار و
مەرگێکی دڵستکردی نەفرەت لێکراو

واتە کەمەگایەکی پیاوسالار وەک دیوار وان ئەستەمە ڕزگار بوون لێیان ئەو دیوارانە وەك زیندان تا ڕزگار نەبیت لێیان بە ئەبەد بۆنی ئازادی و هەناسەی ئازادی هەناماژیت و ناتوانین بوونی خۆمان بسەمێنین ژیانێکی دژوار و سەختە و هەر ڕۆژك و مردنێکە.
لە هەمان کەپلەکە دڵێت:
ژیانێکی ڕووکەش لە تەك دیوار و مەرگێکی دڵستکردی نەفرەت لێکراو

واتە شاعیر لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە دەیەوێت پەمان بلە قەدەغە کردنی ئازادی جۆرێکی دیکەی مردنە، ئەم جۆرە مردنەیش دڵستکردی خودی مرۆڤکانە ، کە مرۆڤ باڵا دەستکان دەیسەپێنن بەسەر مرۆڤ ژێر دەستکان، چونکە دواجار خودا هەموو مرۆڤێکی بە ئازادی خوڵقاندووە.

سەیری ئەم شیعرە و پارادۆکسەکەی لەوەدایە! گلەیی و ڕەخنە لە ڕەگەزی بەرامبەر و عەقڵیەتی پیاو سالاری دەگرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەگەڕێتەوە بۆ لای ڕەگەزی بەرانبەر بە ئەوەی بەختەوەری بکات و ژیانێکی ئاسودەیی لەگەڵ دروست بکات
بە نموونە لە کەپلەیەکی دیکە دڵێت:
هەڵکورەکە
دەستت بدە دەستم
با ئەم دیوارە بروخێنین
واتە گلەیی و ڕەخنە دەگرێت، بەڵام سەر لە نوێ دەگەڕێتەوە بۆ لای، چونکە لە عەقڵیەتی پیاو سالاری تێنیا ئافرەت نابێت بۆ قوربانی ڕەگەزی بەرامبەریش هەندجار قوربانیە، بۆ نموونە:
شەرزاد حەسەن دڵێت: کاتی خۆی قسەم لەگەڵ هەر کچێ بکردبایە دایکم دەیگوت (کوڕم ئەو کچە وەک خۆشکت وایە وای لێهات هەموو هەوڵەر بوو بە خوشکم و تا وای لێهات لە سلێمانی ژیانی هاوسەریم پێک هێنا)
واتە لە عەقڵیەتی پیاوسالاری هەندجار کوانیش قوربانین، بەڵام بە ئەندازەیی ئافرەت نا..!
واتە لێرەدا ئاماژە بۆ دەکات هەردوو قوربانی پێکەوە دژی ئەو عەقڵیەتە کۆنەپەرستە پۆیست دەکات بوەستنەوە

یاخۆ بە مانایەکی دیکە ئافرەت داوا لە هەگەز بەرامبەر دەکات بە ژیانەکی پڕ لە ئاسوودەیی و پەکەوە ژیان هاوکاری یەکدی بن بە ئەوەی دیواری جیاوازەکان و کەنەپەرستی بروخێنن.

بەڵام، لەعەقڵیەتی پیاوسالاری و باڵادەستیان رەگرە و لە شەوەی گاڵتەجاڕی پڕپڕچی دەداتەوە بە نموونە کاتێك دەڵێت:
قاقایەکی گاڵتە ئامێزم بیست
دەمخاتە قەفەزی وەهم دەڵێ:
ئازادی ، پەبکەنە
پێشاکی هەشبینی مەپێشە
شاعیرەکی ناسك بنوسە
واتە وەڵامی داواکارییەکانی دەداتەوە، بەڵام لە شەوەی گاڵتەئامێزانە و دان بە مافەکانی بەرامبەری دانانێت پڕچی هووی راستەقینەی داواکارییەکەی دەداتەوە.

لە کەمەگای داخراودا یەکێك لە پێوەندییە جوان و پیرۆزەکان هەمیشە قوربانیە
بە نموونە لە کۆپلەیەکدا دەڵێت:
دیوارەکان ئێستەمن
لە ساتەکانی لەرزەتیشدا ناوخۆن
لە تەك ئێم دیوارانە
خۆشەویستی ئیفلیجە و پێوەندی میکرۆباوی!
دەدارەك دوو بەرەکەی ئەکوژێت و
گوارەکانی بە سەفەر لەدەکاتەوە
واتە لەرەدا پەمان دەڵێت لە دەوروبەری هەوحە تاریکەکان عەشق و خۆشەویستی هیچ بەهایەکی نیە، تاکە شتەك لە نەو عەقڵیەتە داخراوەکان بوونی نەبێت نەبوونی ئازادییە.
لە کتێبی(مارکسیزم یان ئیسلام)ی مستەفا مەحمود دەڵێت: ئازادی گیانی هەموو ئەو هەوڵستانیە کە لە هەوشتەوە سەرچاوەی گرتووە بەبێ ئازادی نەهێشتن نەدەسازی نەداهێنان نەکار دروستی نەهیچ لە کەس چاوەڕێ دەکرێ )، واتە ئەگەر ئازادی خۆشەویستن و یەکتر ویستنی لە تاکەکانی کەمەگا زەوت بکرێ ئەو کاتە کەسکانیش هەگای کەچ و سەفەر کردن ئەگرنە بەر ، کاتەك لە ژوورەکی زیندانەدا دەبیت ژوورەکە هەمیشە دەرگایەك یان پەنجەرەیەکی بچووکی لێیە، واتە ژیان هەرچەندە سەخت و دژوار بێت هەمیشە ئومێدەك هەیە، لە کەمەگایەکی پیاوسالارێ یاخی بوونیش سمبوڵی ئەو ئومێدەیە ، بە نموونە لە کۆپلەیەکدا خانمی شاعیر دەڵێت:

لە تەنیشت دیوارێک دانیشتبووم
بەسەر ڕۆژنامەکەدا خوم لەکەوت
لە خەومدا دەنگێک بە کەسانەکاندا دەگوت
یاخی بوونی مەیکانی مەملەکەتە
واتە ئاماژە بە دەنگی یاخیبوون دێکات و بیری یاخیبوون لە ناخی مەیکانی مەملەکەت چێکردە دێکات دژی عەقڵیەتی کۆنەپەرستی و دژی ئەو مافانەی کە لەیان زەوت کراوە.

یاخی دەڵێت:
کارەساتێک لە هەڵدایە! هەر مەیە و وندەبە
تەوارەکان دەبنە بەمب و دەتەقنەوە
واتە کاتێک دەنگی یاخیبوون بەرز دەبێتەوە، هیچ شتێك وەك خۆی نامێنێتەوە ژیانی مرۆڤەکان تەوژمێکی دیکە وەردەگرێت دوور لەو ژیانە سادە و دووبارانەی کە تەنیا لە چوارچێوەی چوار دیوارە بە ڕەی دێکات
ئاگری تووڕەیی و یاخیبوون لە ناخیدا چێکردە دێکات یاخی دەبێت لەو ژیانە دووبارەیی کە خەزانێکی داخراو لە ژەر چەتری عەقڵیەتی پیاو سالاری دەیسەپێنن، بە نموونە کاتێك دەڵێت:

بەوژنەکانی ئەنفال و کە مەرگ
کراسە ڕەشەکانیان دەراندووە و
بازاڕی کوتاە فرۆشان وەر بوون
لە قوماشی خاکی دەپرسن
دوو ڕۆژی تر هەتیوەکان جە دەهەن دەڵێن

یاخی دەڵێت:
مەتبەخەکان چۆڵن
بۆنی خواردن لە هیچ ماڵێکەوە نایەت

واتە خەیان دادەماڵن لەم ژیانە دژەخەیی کە بەسەریان سەپێنراوە، کە زەرەك پەیان وایە کاری ئافرەت تەنیا بریتی یە لە خواردن دروستکردن و منداڵان بەخێو کردن هتد..
ڕەنگە بەشێکی سەرەکی ئەو کارانە پەیوەست بن بە ئافرەتەوە، بەڵام جەڕ جیاوازیەك و خەسەپاندنەك لە کارکەیە دەبینرێت، سەپاندنی بەزەر جەڕ ناڕەزایەك و یاخیبوونەك دەهێنتە ئاراوە
لە "ڕەمانی کۆڵا"ی(مەندانە موعینی)، خەسرەو دەڵێت: ( ئەگەر مرۆڤ زەری بە هات یاخیبوون هەڵدەبژێرێت )

لە کۆپلەیەکی دیکەدا شاعیردەڵێت:
چی دەبینم
کاروانێک لە تەواری خاکی، گوێی خاکی
تاوسی خاکی ، ماکیوی خاکی
لەگەڵ هەزاران هەزار
زەینەب و ژیلا و لیسی و مادلینی بەرگ خاکی
لە لوتکەوە بەرو پەدەشت دەهاتنە خوار
بوو بە بروسکە و هەورە تریشقە باران دایکرد

لێرەدا شاعیر ناوی کەمێک کەسایەتی هێناوە، ئاگرچی دەنگە بە شێوەی جیا جیا مردبێتن، بەڵام وەک دەمزی یاخیبووەن ناویانی هێناوە، دەیان شوبهێنێت بە هەورە تریشقە.
لە "دەمانی کۆژاڵ"ی(مەندانە موعینی) کاتێک کۆژاڵ دژی عەقڵیەتی پیاوسالاری ئاجەنگە و شوو بە پیرە پیاوێک ناکات و لە کۆتاییە بە دەستی باوکی دەکوژێت ، لە کۆتاییدا لە بەزرایی و ئاو شاخ و کەوانەی کە تیایاندا دەجەنگە سەر لە نوێ دەردەکەوێتەوە ئەمیش نیشانە و ئاماژەیە بە ئاوەی کە هەمیشە شەرشی بەرنگاربوونەوە دژی عەقڵیەتی کۆنەپەرستی بەردەوامە و ئاو شەرشە وەک باران ئاو پژێنی زیانی ئافرەت دەکات و شکەماندی بە ژینی ئافرەت دەگەڕێنێتەوە.

لە کۆپلەکانی کۆتاییدا دەڵێت:
ماڵە بە دیوارەکان پێ بوون لە دەشنایی
دەکانیش لە خەشەویستی
واتە کاتە لە ژێر شەرشی یاخیبووەن ئازادی بە دەست دێت دەکان پێ دەبنەوە لە خەشەویستی.

بەڵام کاتێک دەڵێت:
لە خەشیان هاوارم کرد، بە ئاگا هاتم
بینیم کچەکەم بەتانیەکەی لەسەر لاچووە و لەسەرمان دەگری

دەتوانین بڵێین شاعیر لێرەدا مەبەستی ئاوەیە خاونی ئازادی دژی ئاو ستەمە هەمیشە هەر هەبووە یاخە دەتوانین بڵێین زگار بوون لە واقیعیشدا بوونی نەبە، بەڵام لە خاودا دەتوانرێت ببینرێت.

مخابن! عەقڵیەتی پیاو سالاری لە کەمەگای ئەمە بوونی هەر ماوە، ئاگەر نەماوە ..؟! بە تا ئێستا ئافرەت دەکوژێت ..؟! بەڵام، دەنگە کاوە بوو بێت بە جەرەک لە جەرەکان و جەرە ئازادیەکیش بوونی هەیە، بەڵام لە ئەنجامی ئاو ئازادیە دەژانە و مانگانە و ساڵانە

هەواڵی نامە و نەخوازاو دەبیستین و دەبینین.
لە کۆتادا دەڵێم هەندێجار ئازادی کارساتە و دەبێت لە ئازادی بترسین.
بە نموونە لە "ڕۆمانی حەسار و سەگەکانی باوکم"ی شەرزاد حەسەن (کاتێ برا گەورەکەیان دەستی دەچێتە خوێنی باوکی و باوکی دەکوژێت بۆ ئەوەی خوشك و برا و خەزانەکەی ڕزگار بکات، ئیدی بەجۆرێك خوشك و برا و خەزانەکەیان پەرتەوازە ئەبێ تەنانەت براگەورەکەیانیش ناتوانێ بە ئاسانی کەیان بکاتەوە دەگاتە ئاستێك برا گەورەکەیانیش لە ماڵ دەردەکەن ..) ئەگەر بوڵبوڵکیش بە هەمیشە لە قەفەسدا بێت و لە ناکاو ڕزگار بکرێت هەم لە قەفەسەکە دەبێت، هەم بە تەواوی لە "فڕین" یش دەکەوێت.

---

# خوێندنەوەیەک بە کتێبی(بیرەوەرییەکانی فڕۆکەیەکی گومڕا.. لەتیف ئەمین

دەرهاتن لە قاوغ و قۆپڵکی جۆهاڵەت و ڕزگاربوون لە دەگمەن و دواکەوتوویی و چەقبەستوویی هزری و بەداربوونەوە لە خەوی خورافە، ئاسان نییە، بەڵام ئەستەمیش نییە. وشکەباوەی و وەستان لەسەر یەک دید و تەوانین و بڕچوون و باوەڕ، عەقڵی مرۆڤ پەک دەخات، بیری مرۆڤ پووچ دەکات. بەپێچەوانەوە، گومان و گەشان و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و کنە و پشکنین و بەدواداچوون، دەرگا بە بیرکردنەوەی مرۆڤ دەخەنە سەر پشت، مرۆڤ لە تووندڵی تاریکی و زەڵکاوی نەزانی ڕزگار دەکەن.
نووسەر(شەماڵ بارەوانی) بە زمانێکی سادە و ڕوون و ڕەوان و بە گرۆگاڵ، بیرەوەری و بەسەرهاتی قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانی خەیمان لە دوتوێی کتێبێکدا، بە ناونیشانی(بیرەوەرییەکانی فڕۆکەیەکی گومڕا) بە دەگمەنتەوە. باسی ئەوسەردەمە دەکات کە لە حوجرە و قوتابخانە ئایینییەکانی شاری هەولێر فڕۆ بووە، ساڵانێکیش لە گەڵک ناوچە و گوند و شوێنە جیاجیاکانی کوردستان پشنوێز و وتاربێژی مزگەوت. نووسەر، وەک خەی ئاماژەی پێ دەکات، سەرتا

فریکۆفۆقیکی تەکفیری و ئادیکاڵ و توند و دژمارگیر بووە، بەڵام فۆقیەکی پرسیارکەر بووە، تاسە و تامەزرۆیی بۆ زانین و خۆپێگەیاندن و خۆ پەروەردەکردن هەبووە. فۆقیەکی خوێنەر و کونجکاو(فزوولی) بووە، وەک خەی باس دەکات، سلی لە خوێندنەوەی هیچ کتێبێک نەکردەتەوە، بە ترس و دوودڵی، لەوپەڕی ئاستەوە بە ئەوسەری چەپ، لە خوێندنەوەی کتێبەکانی ماركس و نیچە و شۆپنهاوەر و کافکا و سارتەر و هەرچی سەرچاوە و کتێب هەیە سەبارەت بە ماركسیزم و ئیلحاد و عەدەمیەت نووسراون، تا زەربەی ئەو کتێبانەی کە ئادیکاڵیەکانی وەک ئیبن تەیمیە و ئیبن قەیم و عەبدوللا عەزام و زەری دیکۆشی خوێندووەتەوە.

نووسەر، سەرکۆشی لەگەڵ فیکر و فەلسەفە و ئایدیا جیاوازەکان کردووە، لە ڕووباری بە خوێی زەر مەزهەب و بیروباوەڕ پێویستەوە، لە زەر پەدەشتی باوەڕی دە و دەکاوی دەرباز بووە، لە دەرگای هەرچی قوتابخانەی فیکری و فەلسەفی هەیە چووەتە ژوور، سەری لە ماڵی هەموو دژباوەک داوە.
نووسەر، وەک لە بیرەوەریەکانیدا باس دەکات، دوای خوێندنەوە و گەڕان و بەراوردکاری نەوان ئایینەکان و بیرکردنەوە و تەماناکی زەر، بە میتۆد و لەژیکی زانستی، نەک بەهەی ڕق و کاردانەوە، تووشی گومانی فیکری بووە. گومانکی کتوپڕ و لەخۆا نا. وەک شێخی سەنعان، بەهەی سەز و ئەقین و شایدابوونەوە نەگەڵاوە، شێخی سەنعان، شێخکی دیار و ناودار بووە و(٥٠٠) موریدی هەبووە، (٥٠) جار حەجی کردووە، لەپڕکدا عاشقی کچە مەسیحییەک دەبێت و لە دین وەردەگەڕێت و بەگەل دەبەرەکی دەکەوە و دەبەتە بەرازەوان.
وەک لە بیرەوەریەکانیدا ئاماژەی پێ کردووە، قۆناغی یەکەمی گومانە فیکرییەکەی نووسەر، بە قورئانیبوون دەست پێدەکات. قورئانییەکان ئەوانەن کە بە تەگەیشتن لە ئایین، تەنها پشت بە ئایەتەکانی قورئان دەبەستن، فەرموودە و سەرچاوەکانی کەلەپوور و ڕای ئیمام و پێشەوای مەزهەبەکان ڕەت دەکەنەوە، تەنها قورئان بە سەرچاوەی تەشریع دادەنێن.

نووسەر لە قۆناغکی تەردا بە موعتەزیلەکان سەرسام دەبێت. موعتەزیلەکان گرووپکی کەلامی بوون، بڕوایان بە پشتبەستن و گومانەوە بە عەقڵ هەبووە بە شیکردنەوە و تەگەیشتن لە دەقە ئاینییەکان و بەیاردان لەسەر کاروبارەکانی ژیان.
نووسەر لە بۆشکی یادداشتەکانیدا باس لەوە دەکات، لە حوجرەکاندا وانەی فەلسەفەی بە هاوەڵ فۆقکانی گوتووەتەوە و کاریگەریشی

هەبوون لەسەر هزر و بیرکردنەوەی هاوڕێکانی و چەندین فەقێ بەهای ئەوان تووشی گۆڕانی فیکری بوونەوە. بەهای ئەمەو تووشی کۆشە بوون لەگەڵ مەلاکان، چونکە خوێندنی فەلسەفە و لۆژیک و ئەو بابەتانە لای پیاوانی ئایین مەترسیدارە، وەک باوە، دەڵێن: "من تمنطق، تزندق" ئەوان پێیان وایە فەلسەفە هەڵگرێ بەسەر ئایین، گوایە مەشکی مرۆڤی بەوادار تەک دەدات و تووشی گومان و گومڕایی دەکات.
ئەم فەقێیە، لەژبەر هەوڵی داوە خۆی لە کتوبەندی ئایین و ئایدیۆلۆژیا ڕزگار بکات، هەوڵی داوە بە ماسک و ماکیاژ ڕا و سەرنجەکانی خۆی لەسەر ئایین و ئیمان و ئازادییەوە دەبەێت. وەک لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی پێداوە، لە فەقێیەکی حافزقورئانەوە بازی داوە بە کەناری لائیکبوون، لە ئیسلامییەکی پابەند و داخراو و دەقگەراوە بە مرۆڤکی ئازادیخواز، کە بەوای بە پکەوەژیان و پلورالیەتی ئایینی و کەمەایەتی هەیە. دواجار، بەهای نەچوونە ژێر باری عەقلی مەگەل و ئەنتی باوی و یاخیبوون و هۆشیاری و بوێری و سلنەکردنەوە لە گوتنی ڕاستییەکان، تەمەتی مولحیدبوون و بێدینی و کافربوون و زەندیق و زەردەشتی و ئەزدی و گومڕایی ئاراستە کراوە. بەڵام ئەو کەسی نەداوە و ئەم تەمەتانە کاریان لێ نەکردووە. هەنگە هەر لەبەر ئەم تەمەتانە بێت، وەکو تەنزێک، ناسناوی فەقێی گومڕای بە خۆی داناوە.
لەگەڵ هەڵدانەوەی هەر لاپەڕەیەکی ئەم کتێبە، گوزەرێک بەنەو ژیان و بەسەرهات و یادداشت و بیرەوەری و فیکری فەقێیەک دەکەین، فەقێیەک لە لوتکەی دەگمایی و فەندەمێنتالیستییەوە، بە مرۆڤکی سیکۆلار و لیبڕاڵ و عەقلگەرا. فەقێیەک، لە دژایەتی ژنەوە بە سەنگەری فەمینیستان و هەوادان بە سەربەستی ژن و دژایەتیکردنی عەقڵی نەرسالاری و جیاکاری ڕەگەزی و چەوساندنەوە و بە کەنیزەککردن.

ئەم کتێبە، بیرەوەری فەقێیەک دەگێڕێتەوە، کە تا سەر ئێسقان دژ و دوژمنی ئازادیخوازان و ڕەشنگەران و شاعیران بووە، تەنانەت خەزگەی ئەوەی خواستووە کە ئەگەر بێت و ڕەژێک دابێت دەوڵەتی ئیسلامی دابمەزرێت، بەئەوەی بەدەستکانی خۆی سەری فلان نووسەر و کەسایەتی ببڕێت، بەڵام دوای گۆڕانە فیکرییەکەی، شتەکان پێچەوانە دەبنەوە، دەبێتە هاوڕێ و هاوبیر و هاوسەنگەری هەمان ئەو کەسەی کە بڕێنی بەخۆی دابوو سەری ببڕێت.
لەگەڵ بیرەوەرییەکاندا، نووسەر شیکردنەوەی بە چەمکەکانی ئیلحاد و ئەتایست و لائیکبوونیش دەکات. هەروەها باس لە ڕوانگە و جیهانبینی موعتەزیلەکان و قورئانییەکان و عەدنانییەکان و ئەشعەرییەکان و مەزهەبی شافیعیش دەکات.

ئەم کتێبە پەیمان دەدات، گیانی فیکری ئیستەم نییە، هێزانی هزری ئۆگری ڕووداندی دوور نییە. ئەم کتێبە پەیمان دەدات، دەکرێ لە قوناغێک، لە ڕۆژگارێک، لە وەستگەیەکی ژیاندا، مرۆڤ لە گەمی مەنگی نا ئاگایی و نەزانیدا مەڵە بکات، لە خەون و خەیاڵی خورافەدا ڕۆ بچێت، لە بەستەڵەکی ئایدیۆلۆژی بتەزێت و بخزێت، هزر و بیری سەبەت، بەرام تا هەتایە نا، بۆئەبەد نا، ڕۆژێک هەردەت، تیشکی خۆری ڕۆشنگەری، شەختەبەندی دەمارگیری و ئایدیۆلۆژی بتوونتەوە، ڕۆژێک هەر دێت، چرای زانست و زانیاری، ئەشکەوتی بیری کۆنخوازی پەکاتەوە. وەکچۆن ئێستا شەماڵ بارەوانی، دوای خوێندنی حوجرە و تەواکردنی کۆلێژی شەریعە و بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە فەلسەفەی ئیسلامی، خاوەنی سەدان وتار و بابەتی ڕەخنەیی و فیکری و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و باس و بابەتی جەراوجۆر و لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکوردییەکان بابەتکانی بەاو دەبنەوە. جگە لەمانە، نووسەری ئەم کتێبە تا ئێستا خاوەنی سێ بەرهەمی شیعرییە، ئەم کتێبەشی بەرگی یەکەمی(بیروڕییەکانی فەقێیەکی گومڕا)یە، بەرگی دووەمیشی لەژێر چاپدایە. داوا لە خوێنەرانی کتێب و شایەدایانی ئازادی بیروباوەڕ و ڕۆشنگەری و عەقلانییەت دەکەم، ئەم کتێبە بخوێننەوە.



# ئەم شەشی ئەمەیە!.. حەمید تەقوایی.. وەرگێرانی بۆ کوردی: کاوە عومەر

وتاری دەستپێکی پلینۆمی ٥٦ی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

ئەم پلینۆمە لە دەی شەشەکدا بەستووەدێت. ئەو شەشەی کە نزیکەی ٥ مانگە بەردەوامە. ئەم شەشە دروشم و ئاڕا و ئایکۆنی تایبەتی خۆی هەیە. شەشی ژن ژیان ئازادییە، چونکە دژی حکومەتێکە کە دژە ژن و دژە ژیان و دژە ئازادییە. لە کۆماری ئیسلامیدا ژنێک بە حیجاب و بە ئاپارتایدی جێندەری و بە بەکۆمەڵ زانین و سوکایەتی پێکراو و بە یاساکانی شەریعەتەوە، بە فەرمی و ئاشکرا بە مرۆڤ نازانرێت. ژن وەک کاڵایەکی سێکسی سەیر دەکرێت. و هەر بۆیەش ئەم شەشە ژنانەیە. ژنان هەزی سەرکێشیەتی و داواکارییەکی گرنگی کۆمەڵگا یەکسانی تەواوەتی نێوان ژن و پیاوە.
شەشەکە دژی دەسەڵاتێکی دژە ژیان. حکومەتی ئێعدام، حکومەتی پرسە و ماتەمینی، حکومەتی مردوو پەرستن و شەهیدبوون! حکومەتی کڕی خوار هەی هەژاری، حکومەتی نەهامەتی گشتی و مووچەی فەلەکی. بەرگریکردن لە ژیان و چۆڕگرتن لە ژیان و گەشانەوە بە ژیانێکی شایستەی مرۆڤی سەدەی بیست و یەک یەکەکە لە ئامانجە سەرکێشیەکانی ئەم شەشە.
و لە کۆتاییدا ئەم شەشە شەشەکە بە ئازادی. دژی حکومەتێک کە هیچ جۆرە بەچوون و دەربەینی بیروڕا و ڕێکخستن و حزب و هەر چالاکیەک کە لە چوارچێوەی پەوەر و یاساکانی سەردەمی بەردینی ئیسلامیدا نەبێت قبووڵ نەکات و لە دژی ئەو پەنا بە ئێعدام و ئێشکەنجەدان ، ئازاردان، سەرکوتکردن، و جۆرەکانی تری تاوان دەبات.
شەش دەیەوێت ئەم دەخە هەڵبوەشێنێتەوە. ئامانجی ئەم شەشە وەک هەر شەشەکی تر، ڕوخاندنی حکومەتە، بەڵام هەکارێک هەیە کە خەڵک بە ڕوخاندنی حکومەت ڕاپەڕی. کاتێک خەڵک ڕایدەگەیەنن کە دەبێت حکومەت بڕوخێنرێت، ئەوە مانای ئەوەیە کە دەبێت حوکمی ئایین بڕوخێنرێت، واتە دەبێت ئایین لە حکومەت، لە یاسا، لە پەروەردە بسڕدرێتەوە. واتە دامەزراوەی ئایینی تێنانێت مافی ئەوەی نەبێت دەستوەردان لە ژیانی تایبەتی خەڵکدا بکات. شەشی ئێستا لە ناخ و ناوەڕۆکیدا دژە ئایینە. کۆمەڵگای ئێران یەکێکە لە کۆمەڵگا

پشکەوتنخوازکان دژ بە هەموو جۆرە بیروباوەڕ و خورافاتێکی ئایینیە و خەڵک لە دروشمەکانیاندا، لە سەرشیال میدیادا، لە ڤیدیۆسمەکانی یادکردنەوەی گیانبەختکردووکانیانداا بە هەزار و یەک قسە و کردار ئەمریان نیشانداوە. کەمەڵگا پێویستی بە قورئان و دین و ئیمام جۆرە خورافاتەوە بە تەواوی پچڕاندووە. شەڕش بە ژن، ژیان ئازادی خۆی لە خۆیدا شەڕشگێڕانەیە، دژە ئایینییە.
ئیمام شەڕشەکە بە یەکسانی و دژی هەژاری و نەهامەتی و هەر جۆرە کۆیلایەتییەکی کرە کە لە کەمەڵگادا بەربڵاوە. دژی ساختی کەشی ئابووری، لە بەرامبەر بەشایی قووڵی نێوان هەژاری و سامان. شەڕش لەسەر ئاڵای خۆی ژیانی نووسیوە، چونکە دیموکراسیش لەدژی ئەو هەموو هەڕاوردن و نایەکسانییە کەمایەتی و ئابووریە، لەدژی هەژاری و نەهامەتی و بێکاری و گرانی نرخ، بێ ماف و ئاسایشی بێنە مەیدان و لە کەمەڵگا ڕایانماڵت.
شەڕش بۆ ئازادییە، واتە ڕزگاری مرۆڤ. نێک هەر بۆ مانای ئازادی یاسایی و ئازادییە یاساییەکان، بەڵکو بۆ مانای ڕزگارکردنی مرۆڤ و گەیاندنەوەی ئازادی بە مرۆڤ. مرۆڤ بتوانێت چارەنووسی خۆی دیاری بکات، لە ئیدارەی کەمەڵگا و لە شوێنی کار و شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیدا بڕیار بێت، بەیار بدات و بڕیارکانی جێبەجێ بکات. مانای شەڕش ڕزگاری هەمەلایەنەی مرۆڤکانە. لە شەڕشی ١٣٥٧دا ئازادی بە مانا لیبراڵەکەی پەرلەمان و دیموکراسی نوێنەرایەتی نەکرا، بەڵام زۆر لەوە زیاتر بوو. خەڵک لە هەموو شوێنێک شوراکانیان پێکهێنابوو. وە دیانویست لە هەڵگەی بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە، لە هەڵگەی بڕیاری شوراکانەوە ئازادی بپارێزن. وە شەڕشی ئێستاش بە هەمان ئاراستەدا دەڕوات.
ئازادی واتە ڕزگارکردنی مرۆڤ و گەیاندنەوەی ئازادی بە مرۆڤ لەسەر پێشەوەی ئیمام شەڕشە نووسراوە.
کاتێک گرنگی بەم خاڵانە بدەیت، بۆت دەردەکەوێت کە ئیمام شەڕشە شەڕشی ئیمەیە. شەڕشی ئیمەیە، نێک لەبەرئەوەی شەڕش بووەتە مەد و هەر هەزێک کە تا دوێنێ شەڕشی بە ئاژاوە دەزانی و دژی قسەی دەکرد، ناچارە ئەمڕۆ لەسەر شەڕش قسە بکات. نێک لەبەرئەوەی دونیا هەڕسا و کەنەش بە شەڕش دبات؛ نێک لەبەر ئەوەی ئێستا تەنانەت ئەوانەی پێشتر لە سیاسەتدا نەبوون و هیچ پێوەندییەکیان بەو ناڕەزایەتییە کەمایەتییانەوە نەبوو کە هەژانە دەگوزەرا، خۆشبەختانە ئیمە چالاک بوون و ناڕەزایەتی دەردەبڕن؛ ئیمە شەڕشی ئیمەیە، چونکە ئیمە هێزێکی کارامان هەبوو لە ئامادەکارییەکیدا، لە بناغەکردنیدا، لە هاتنی بە مەیدانەکەدا.
حیزبی ئیمە لە سەرەتای چالاکییەکەیەوە، لە هەژی دامەزراندنیەوە تا

ئەم، بەردەوام لە دژی هەڵاواردنەکان لە بوارە جیاجیاکاندا خەباتی کردووە، کە ئەمە بە ملیۆنان کەس لە ئێران و دەرەوەی وڵات لە شەقامەکاندا ئامادەیان لە دژی هەڵکردووە، دروشمەکانیان دەوتەوە، پلاکارد و لافیتەکانی دەنووسن.وە بە پردەکانی شەقامەکانی تاران و شارەکانی تریش هەڵیدەواسن. ئەم حیزبەکە کە بە بەردەنگاربوونەوەی هەموو کەماری ئیسلامی دامەزراو. وە ئێوە هەموکارنامەکەیەتی. ئەم حیزبی خەباتی بەردەوامە لە دژی حیجاب نەک هەر لە ٨ی مارس، لە هەژی جیهانی ژنان، بەڵکو لە هەموو هەژەکانی سالدا. ئەو حیزبە لە دژی ژنکوژی و ئاپارتایدی جێندەری و حیجاب چالاک بووە. ئەم حیزبەکی دژ بە ئیسلامی سیاسییە لەسەر ئاستی جیهانی و هەر بەم هەیشەوە ماوەیەکی زۆرە ئامادەی بایکۆتکردنی کەماری ئیسلامی بەرزکردۆتەوە کە خەشبەختانە ئەمە بووەتە گوتارێکی گشتی. ئەمرۆ تەنانەت لە پەرلەمان و حکومەتکانیشدا باس لە بە تیرۆریست ناساندنی سوپای پاسداران دەکەن ، باس لە دەرکردنی کەماری ئیسلامی لە هەڵکخراوە نێودەوڵەتییەکان و داخستنی باڵیۆزخانەکانی و هتد دەکەن. ئەمە ئەو ئامانجانەیە کە زیاتر لە دە ساڵە حیزب هەڵیکردووە و خەباتی کردووە بۆ بەدیهێنانی.

ئێم شۆڕشە تایبەتە بە ئازادی وحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەمیشە لەگەڵ ئازادی بە مەرج بووە. ئازادی بیروڕا، ئازادی هەژنامەگەری، ئازادی حزبەکان، ئازادی چالاکیی کۆمەڵایەتی و مەدەنی و خەباتی کۆمەڵایەتی و مەدەنی. سنووردارکردنێکی مەژووویی و هەمیشەیی، بە تایبەت لەم چل ساڵەدا، لە هەگای ئازادی پیرەزی ئایینیدایە. ناتوانی بە ئاین بەڵێی پشتی چاوت بڕیە چونکە لە شتە پیرەزەکان، ئێوە "کلتووری گشتیی خەڵکیە " و ئەم جارە قسە بەمانا و پاساودانەوەیە. نەک هەر لە ئێران بەڵکو لە هەموو جیهان. لە هووی مەژووییەوە ئێوەی ئازادی مەرجدار کردووە هەمیشە ئایین بووە. هەمیشە خەڵک ئازاد بووە لە قسەکردن لەسەر کەش و هەوا و بابەتی لەو جارە، بەڵام کاتێک باس لە باسکردنی دەسەڵات و پیرەزیەکان دەکرێت، بەتایبەتی کاتێک باس لە دوو سیستەمی پیرەزی ئایینی و پیرەزی نەتەوەیی- نیشتمانی دەکرێت، ئێوا تەنانەت لە وڵاتە هەژئاواییەکانیشدا بەهەمان شێوە هەزار و یەک سنووردارکردن لە هەگاکەتاندا دایاندەنێن. لە کەماری ئیسلامیدا بە هوونی ئێوە ئایینە کە قوگی ئازادیی گرتوە و خنکاندووە. بۆیە کاتێک باس لە ئازادی بە مەرج دەکەین و کاتێک کەمەگا دروشمی ئازادیبەرزدەکاتەوە، پێش هەموو شتێک مانای ئازادی هەخنەگرتن لە ئایین، واتە ئازادی هەجووکردنی دین، گاڵتەکردن بە ئایین. ئازادی نووسین و قسەکردن و نمایشکردن و فیلم و سینەما و کولتوور و هونەر

دژی پیرەزی و تابۆ و بیروباوەڕی ئایینی. بەبێ ئەمە ئازادی نییە.
ئەمانە ئەو دروشم و گوتار و تێکۆشانانە بوون کە حیزبی ئەمە پەیڕەوی کردووە.
حیزبی ئەمە هەمیشە ئامانجی شۆڕش، ئاسۆی شۆڕشی وەک شتێکی پڕویست، وەک شتێکی خوازراو و وەک شتێکی مومکین لە کەمپەینگادا، قسەی لەسەر کردووە و تێپەڕاندووە. وە هایگیاندووە کە تاکە ڕێگا بۆ ڕزگارکردنی کەمپەینگا و هەموو خەڵکی ئێران شۆڕشێکی قووڵی کەمپەینیتییە، نەک هەر دژی حکومەتێک بەڵکو دژی سیستەمێکیش. سیستەمی دابەشکاری، سیستەمی هەڵاواردن، سیستەمی دژە ئینسانی کە کەماری ئیسلامی نوێنەرایەتی دەکات. ئەم مافیایە ئابوریانە، ئەم ئایەتوڵڵا ملیاردێرانە لە قورئان نەهاتنە دەرەوە، لە سیستەمی سەرمایەداریەوە هاتوون، سیستمی لەسەدا یەککان، سیستەمی کەمینەیەکی سەربەرز، و ئەوە بە پاراستن و پارێزگاری لە ئەم سیستەمەیە کە براونەتە پیشەوە وزیاتر لە چل ساڵە.کە خوێنی خەڵک دەخۆنە ناو شووشە. شۆڕشی ئێستا شۆڕشێکە دژی ئەم نیزمە. نەک هەر دژی کەماری ئیسلامی، بەڵکو دژی ئەو پەداویستییە ئابووری و کەمپەیتیانەی کە حکومەتێکی وەک کەماری ئیسلامی دەنێ ئاراوە و بەم شێوەیش بەرد بە خەڵکی ئێران دەکێشێت. پڕویستە ئەم سیستەمە بەوخێنرێت بە ئەوەی کەمارە ئیسلامیکانی تر ئەمجارە بە ناوێکی تریەوە دەستات بەدەست نەهێننەوە. سەد ساڵە لە مێژووی ئێراندا یەک لە دوای یەک دیکتاتۆریەتمان هەبووە و هێزی هەمویان بەرگریکردن لە سیستەمی چینایەتی هەڵپەرستانی ئیستغلالکار بووە. هەندێک جار لەژێر ناوی قاجار، هەندێک جار بە ناوی پەهلەوی، هەندێک جار بە ناوی قورئان و ئیسلام و کەماری ئیسلامی.
ئەم شۆڕشە شۆڕشێکە بە یەکلاکردنەوەی حیسابات مێژوویی لەگەڵ هەر جۆرە دیکتاتۆریەتێک، بەو سیستەمەی کە لە ئێراندا دیکتاتۆری دەخوازێت و پڕویستی بە دیکتاتۆری هەبووە. پڕویستە لە هێگەوە لەی ببەدرێت و ئەم شۆڕشە شۆڕشێکە لە دژی ئەو نیزامەی کە پڕویستی بە کەماری ئیسلامییە بە بەرگریکردن لە خۆی. بە بەرگری لەخۆی پڕویستی بە دیکتاتۆریەت هەیە. شۆڕش دەیەوێت ئەم نیزامە لەناو ببات.ئەمە مانای ژن ژیان ئازادیە.
باشە لەمەودوا چی ڕووددات؟ بە کوێ دەچین؟ ئەو وێنەیەی ئەمە هەیە ئەویە کە خەپیشاندان و مانگرتن و گردبوونەوە و ناڕازایەتی خوێندکاران و توێژە جیاجیاکانی وەک کاسبکاران و خەپیشاندان لە شەقامکانی شارەکان و هتد کەمبووەتەوە. کەم بووەتەوە هەندێک کەس دڵگرانە ئەو ئەنجامەی کە شۆڕش کەتایی هاتووە. یان خەریکە کەتایی

دەت. وە کەماری ئیسلامی بە ئەعدام و سەرکووت سەرکووت. بەڵای من هیچ کام لەمانە ناست نین.
یەکەم: شەش لە بوارە جەراوجەرکاندا بەردەوامە. هەندەی تر بەهەزتر لە دەرەوەی وڵات دەجوەت و لە ناوخۆی وڵاتیشدا هەشتا دروشمی شوانە و دیوار نووسین و چلەکان و مانگرتنی گشتی هەیە. بەڵام ئەمە تاکە پرس نییە. بنەمای بابەتکە ئەوەیە کە کەمەگا چووەتە قۆناغێکەوە کە چیتر ئەم حکومەتە قبوڵ ناکات. ڕق و تووڕەیی خەڵک نێک هەر کەتایی نەهاتووە یان کەم نەبووەتەوە، نێک هەر ڕازی نەبووە بەم دۆخە، نێک هەر بە هیوا نەبووە، بەڵکو زەر زیاتر لە ڕابردوو لە گەڕپانەکەدایە و بە ڕق و یاخیبوونێکی زەر زیاتر لە سەرەتای ئەم شەشە وە دیانووەت کەماری ئیسلامی لە ناو ببەن.
شەش هەوراز و نشێوی هەیە. لە ڕووی جوەی مەیدانییەوە، هەنگاو فراوانتر یان تەسکتر بەت. بەڵام هەحی کەمەگا، ئاسەی کەمەگا، خواستی کەمەگا هەشتا ڕووخاندنی کەماری ئیسلامییە.
فاکتەری بنچینەیی ئەوەیە کە بە بەوای من ئەمە و نێک هەر لە شەشی ئەستادا، بەڵکو لانیکەم لە ساڵی ١٩٩٦ تا ئەمە حکومەت و کەمەگا وێک دوو دوژمن ڕووبەڕووی یەکتر وەستاون. لە ئەران هیچ کەسێک حکومەت بە بەرپرسیار لە کاروبارەکان ناناسەت، چونکە لە هیچ شتێک بەرپرسیار نییە. حکومەتێک کە بە نمونە نان و بژیوی خەڵک دابین بکات، هەڵی کار بەڕخسێنەت، هەگری لە پیسبوونی ژینگە بکات، دادپەروەری بەرقەرار بکات، هەگری لە تاوانەکان بکات، هەگری لە دزی و گەندەڵی بکات و هتد. حکومەت نێک هەر ئەم کارانە ناکات، بەڵکو سەرچاوەی ئەو هەموو خراپەکاریانەیە. سەرچاوەی ئەو هەموو ئازارانەیە. خەڵک ئەمەیان بینیوە. بە فەرمی حکومەت لە زمانی خامنەییەوە خەڵک بە دوژمن ناو دەبات. دەە شەش پشەوی و پیلانی دوژمنانە. واتە مرۆڤەکان دوژمنی منن. وە خەڵک ماوەیەکی زەرە ڕایگەیاندووە کە دوژمنەکەمان ڕاست لەردایە. خەڵکیش دەەن بمرە خامنەیی. بە بەچوونی من لە ساڵی ١٩٩٦ تا ئەمە و بەتایبەت لەم چوار پێنج مانگەی شەشی ژن ژیان ئازادیدا، لە هەموو کاتێک زیاتر ڕوون بووەوە کە حکومەت و خەڵک وێک دوو دوژمن ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. ئەوە "ئاژاوەگەڕەکان" نین کە دەگیرەن و ئەشکەنجە دەدرەن و لە سەدار دەدرەن. ئەمانە دیلی شەی دەستی دوژمنی خەڵکن. وە خەڵک بریندارەکانی نابەن بە نەخۆشخانەکان چونکە نەخۆشخانە هی دوژمنە. لە ماەوە ئاگاداری بریندارەکانن. خەڵک دەمەکە حسابی خەیان لەم حکومەتە جیاکردەتەوە.
کاتێک ئەم پەیوەندییە لە نێوان حکومەت و خەڵکدا لە کەمەگایەکدا دامەزرا، ئەوە ڕوونە کە ئەوە خەڵک نییە کە شکست دەهێنن. ناتوانی

هەموو کەمەگا بکوژیت، ناتوانی کەمەگا بوخنیت، بەام حکومەت دەتوانرەت بوخنرەت و پەویستە بوخنرەت. لە کەمەگای ئیراندا پەیوەندییەک، کەشکی سیاسی، گوتارەک و پارادایمەک هەیە کە دوو دوژمەن لە دژی یەکتر ەاگرتووە:۹۹٪ی کەمەگا بەرامبەر بە ۱٪ی دەسەاتدار.
لەم شەدا مانەوەی کەمەگەیە کە سەردەکەوە. حکومەت بە ستراتیژی کوشتن و مانەوە شە دەکات، بە مانەوەی خۆی لە دەسەاتدا، بە پاراستنی دەسەاتی دژخۆی خۆی، خەک بە ەووخاندن و مانەوەی ژیان، کەمەگە بە درژەدان بە ژیان خەبات دەکات و کەماری ئیسلامیش بە درژەدان بە جەهل و تاوان و خورافات و ستەم و کوشتار دەجەنگەت.
براوەی ئەم شە تەنیا دەتوانەت خەکی ئیران بەت،وە حزبەکی وەک حزبی ئەمە لە مەیداندایە تا هەروەک چەند دە سالی هەسوانی خەیدا نیشانی داوە، لەهەموو مەیدانەکاندا ئاەای خەباتی لە دژی هەر جۆرە جیاکارییەک، لە دژی هەر جۆرە نادادپەروەرییەک، دژی هەر جۆرە چەوساندنەوەیەک بەرزکردوەتەوە و بە هەموو هێزی خەیەوە شەش بۆرە پیشەوە ببات و بەهەزتری بکات. دەنیام شەشی ژن ژیان ئازادی، بە سەرکەوتنی خەکی ئیران، نەک تەنیا لە دەستی کەماری ئیسلامی، بەکەوە ەزگاری کەمەگە لەو سیستەمە کە پەویستی بە حکومەتکی دژخۆی ئاوا هەیە، بەدی دەنەت.
بژی شەشی ژن، ژیان ئازادی.

۱ی شوباتی ۲۰۲۳

---

# بیرەوەرییەکانی فەقێیەکی گومەا(49).. شەماڵ بارەوانی

**بەشی چل و نۆ**

موسلیمم بە ئەفلاتەن گەیشتەوە..!

لەبەشی یەکەم دا باسم لەوەکرد. فەقێیەک بووم کە بە ئەندازە موتاەای کتێبانم دەکرد و دەمخوێندەوە.

دایکم زۆر جار پێی دەگوتم:کوڕم شت دەبیت شت، هەندە مەخوێنەوە لە مەشکت خراپ بە خوای.

هەرپارێیەکی لە فەقێیاتی لە ڕۆگای زەکات و سەرفیترە و خۆر و سەدەقەوە، دەستم دەکەوت، یەکسەر هەمووبم بە کتێب دەدان و دەشمخوەندنەوە.

فەقێی تری هاوڕێشم هەبوو، بە زمانێ بازاڕیەکێی گوتەنی:(ژنی پێ دەهێنا). پارەی زەکات و سەرفیترە و خۆر و سەدەقە دەدەم.

جا بە بڕێی زۆر موتاڵاکردنم و کتێب کڕینی زۆرەوە، زۆربەی کتێبفرۆشکانی هەولێر، ببوون بە هاوڕێم.

هەندێک لە هاوڕێ فەقێیکانم پێیان دەگوتم: تۆ کەسێکی قرچێک و ڕەزیلیت. لە ڕاستیدا قیچێک قرچێک بووم، بەڵام ئەجگار واش نەبووم.

من بە کتێب کڕین، گەر بهاتبواو بە دەفتەریش دڵارم هەبوایە، هەمووبم بە کتێب دەدا و بە کڕینی کتێب، کورد گوتەنی پارەم دەڕشت. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی کە مەلایەتیم تەدا کرد، هەڕە نەبم نزیکەی دەفتەرێکم وەرگرت و هەموویشم بە کتێب دا.

من بە حوکمی ئەوەی بەو دواییە کتێبی فیکری و فەلسەفی و سیاسی و ئەدەبیم زۆر دەکڕین، ئەو کتێبانەش هەندێکیان نرخێکیان زۆر گران بوو.

بیرمە جارێک چل و پێنج هەزارم بە یەک کتێب دا !

جا دایکم ڕەوانی شاد بێت، بەردەوام پێی دەگوتم ئەو هەموو کتێبەت لەچییە؟ ئەوە نافرۆشتەوە بیانفرۆشیتەوە؟

منیش دەمگوت:ئەوانە ڕۆحی منن، هیچ کەسێک هەیە ڕۆحی خۆی بفرۆشێت!؟

سەرەتا زۆر کتێبی ئایینیم دەکڕین، کتێبی سەلەفیزمەکان و ئیسلامیەکان، کتێبەکانی ئەقیدە و کتێبە مەزهەبی و فیقهیەکان، کتێبی مەژوویی سەبارەت بە مێژووی ئیسلامی ..تاد.. هەمووبشم دەخوێندنەوە.

وەختێک زۆر قەزاوی ئیخوانیم دەخوێندەوە، نزیکەی سێت کتێبی ئەو پیاوە ئیخوانیەم سەبارەت بە ئەقیدە و سیاسەت و فیقه و سیکۆلاریزم و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و ..تاد. لە حوجرە دا خوێندەوە.

ئەوکات من فەقێیەکی زۆر دوگمایی بووم، هەوانێنەکی زۆر سەقەت و هەڵەم بە چەمکی سیکوڵاریزم هەبوو.

بەهۆی ئەوەی ئەوکاتە ئیخوان بووم و سیکوڵاریزمم بەو تەفسیرە سەقەت و تێگەیشتنە خوار و خچەوە، لەو پیاوە ئایینیە ئیخوانییەوە ناسی.

هەبەت ئەو پیاوە ئایینیە ئیخوانیەی کە ئستا کچی دوایی کردووە و تا لە ژیاندابوو وەکو هاوناکبیر و نووسەری کچکردوو( شاکرنابلسی)دەڵێت، دەم لە هەموو بابەتێک دەکوتت.

ئەو قەرزاویەی کە کوڕەکەی خۆشی "عبدالرحمن ازی نەبوو بە فەتواکانی وەك لە نامە بە هەزەکەی گوزارشی لەکرد.

بە باوکی گوت تە سیاسەت تەکەڵە دەکەیت بە دین، کاتی هاتووە بوستی و قسە لەسەر دین بکەیت وەك فەقیهەك، لە باسی سیاسەتیشدا بوستی چونکە تە سیاسی نییت."*

ئەو قەرزاویەی لە کتێبەکانی، زۆر بەسەقەتی و چەواشەکارانە، باس لە سیکوڵاریزم دەکات. لە فەقێیاتی کتێبەکەی(عەلی باپیر) یشم خوێندەوە، لەژێرناوی(تەوزمی ئیسلامیی و عەلمانی، خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان)، ئەمیش هەمان شتەوەی قەرزاوی زۆر سەتحیانە و چەواشەکارانە و بە سەقەتی، باس لە سیکوڵاریزم دەکات.

کتێبەک: دەتگوت فەقێیەکی تازە هاتووی حوجرە نووسیویەتی. خۆزگە هەر نەی نووسیبوایە.

سیکوڵاریزم هیچ کاتێک بە واتای دژایەتی کردنی ئایین و قەدەغەکردنی ئایین و موراديفی ئیلحاد و بە دینی نایەت، وەکو ئەوەی قەرزاوی و عەلی باپیر و ئیسلامگەراکان و سەلەفیەتی دینی، وای پێناسەدەکەن و بە هەڵە و مەبەست و نەزانانە، بە دەروشەکانیان و خەڵکەکی سادە لەوح، ئیعراب و شرۆڤەی دەکەن.

ئەو سەلەفیزم و ئیسلامگەرایانەی بە هەڵە و چەواشەکارانە، دیسان بە مەبەست بە لەدان لە سیکوڵاریزم، دەن و کۆمۆنیست و ماتریالیست لەگەڵ سیکوڵاریزم تەکەڵە دەکەن و عەلمانییەت، هاوتای بە دینی و یەکسان بە ئیلحاد و بە بەوایی دەکەن !

ئەو فۆندەمێنتاڵیستانەی «زۆر چەواشەکارانە پڕپاگندەی بە بنەماو بەتاڵ دەکەن، نەخێر، هەرگیز، عەلمانییەت بە هیچ شێوەیەک دژایەتی کردنی دین نییە، بەڵکو عەلمانییەت دیوە. ئیتر دیانەت،

خواپەرستی، نوێژ، زکر، تەهلیلە، مزگەوت، تەکیە، خانەقا و ئەو شتانە پتر بخرێنە قاڵبەکەوە کە ڕێگە لەگەڵ شەکردنی کۆمەڵایەتی نەگرن.»★

ئەو فەندەمێنتالیستانەی « وائیزانن لەوانی ئەمە خەڵک زۆرتر خوا پەرستە، لەوانە دیموکراتی و ئازادی و مەدەنیەکانا خەڵک زۆر لە خوا هەڵگەڕاوەتەوە، بە پێچەوانەوە، لەویا مەسائیلی خواپەرستی و ئازادی عەقیدە زۆرتر لەلای ئەمە، زۆر زیاترە.٢١٢»★

ئەو فەندەمێنتالیستانەی وا حاڵی بوونە کە «عەلمانیەت ئیلحاد ئاگەیێنە..گوایە عەلمانیەت دژی ئایین، خواو، یەکتاپەرستی، پێغەمبەر، ئاسحابەکان، قورئان دڕاندن و سوتاندنە.١٦٢»★

لێرە چیتر لەسەر ئەوە ناڕۆم. من بو ئەو چەواشەکاریانەی سەبارەت بە چەمکی(سیکۆلاریزم)، نووسینەکی درێژم لە ژێرناونیشانی(سیکۆلاریزم و چەندسەرنجێک) نووسیوە و ب(١٥) بەش، لە ڕۆژنامەی(بە پێشەوە) و ماڵپەڕی(دابران) بڵاوبووەوە. خوێنەر دەتوانێت بڕیان بگەڕێتەوە و بیانخوێنێتەوە.

ئینجا با بگەڕێینەوە سەر بنچینەی بابەتەکە.

من بەو شێوەیە سەلیقەیەکی بە ئەندازەی کتێب خوێندنەوەم هەبوو. ئەستاش هەروام.

دواتر کە ئاسەی بیرکردنەوەم تازەک وابوو و خەریک بوو لە هەندێک شت تێدەگەیشتم. ئینجا دواتر کتێبی سیاسی و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و فەلسەفی و فیکری و ئەدەبیم کڕین. دڕیان و سەدان ڕۆمانی جیهانی و عەرەبی و کوردیم خوێندەوە، تەلستۆی، دێستۆفیسکی، چیخۆف، پاولۆکۆیلۆ، میلان کۆندێر، گابریل گارسیا ماركیز، جۆرج ئۆروێڵ، کامۆ، سارتەر، کافکا، سادق هیدایەت، نەجیب مەحفوز، بەختیار عەلی..تاد. زۆربەی ڕۆمانەکانی ئەو ڕۆمانووس و نووسەرانە و دڕیان نووسەر و ڕۆمانووسی ترم لە حوجرە خوێندەوە.

ماركس و فەلسەفە ماتریالیزمەکەی و دیالیتکی مێژوویيم خوێندەوە، لەوەوە هاوسەزیم بە چینی کرێکار و مەیل و عەشقم بە عەدالەتە کۆمەلایەتییەکەی ماركس لە ناخدا دروست بوو.

بەرهەمەکانی فرێید و داروین و کتێبی دڕیان زانایترم خوێندەوە.

بەڵام دواتر کە هەدی هەدی خەریکبوو دەگەڕام و باوەڕم بە هەندێک

شت لەق دەبوو، دەستم کرد بە فرەشتی زۆرێک لەو کتێبە ئایینی و فقهیانەی کە سەرتای ژیانی فەقێیاتیم کڕیبوومن. هەبەت هەموویم خوێندبوویەوە، لەگەڵ ئەوەی دەمفرەشتن یەکسەر پارەکەیم بە کتێبی تری فەلسەفی و ئەدەبی و فیکری و سیاسی و دەروونناسی کەمەناسی دەدا.

هەندێک جاریش لەگەڵ خاوەن کتێبخانەکان ڕاستەوخۆ کتێبەکانم دەگۆڕییەوە.

بە نموونە(سەحیحی موسلیم بە شەرحی ئیمامی نەوەوی) لە پشووی هاویندا هەمووی بەم هەژدە بەرگ بوو، جگە لە باسی حەج و هەندێک شتی ترنەبێت، ئەویترم زۆربەی خوێندەوە.

دواتر زۆرێشتم زۆرێک بە سەرجەمی بەرهەمەکانی ئەفلاتوونم گۆڕییەوە، لە یەکێک لە کتێبخانەکانی پشت پارێزگا.

جا کەمێک هاوڕێم لە کۆلێژی شەریعە و فەقە دەگمایەکان، ئەوانەی دژی خوێندنەوەی فەلسەفەبوون و تەنەوانینەکی زۆر نا ساخڕەم و هەڵەیان لە بەرامبەر فەلسەفە هەبوو، ئەو کارەی منیان زۆر پێ سەیربوو !

هەرچەندە هاوڕێ بووین و یەکتریشمان زۆر خۆشدەویست، بە تۆنز و گاڵتەوە پێیان دەگوتم: هەی زەندیک، چۆن ئەو کارەت کردووە؟! گاڵتەیان پێدەکردم.

منیش لە وەڵامدا دەمگوت:دەی من زۆربەی سەحیحی موسلیمم خوێندووەتەوە، ئینجا بردووەم و گۆیوەتەوە. بەڵام ئەوە، هەندێکتان کێبڕکێ دەکەن، تەنها بە جوانی لەنەو ڕەفە ڕیزی دەکەن.

بگرە زیادەڕەوی ناکەم گەر بڵێم: زۆربەتان کتێب ناکەن و ناشخوێننەوە.

دەی بەشەربن و یەک بەرگی سەحیح موسلیم بخوێننەوە، ئەفلاتۆن و فەلسەفەکەی بەمن لی بگەڕێن.

تێبینی: لە دوای قورئان، لە ئیسلام ، لای هەموو ئەم گرووپ و مەزهەبانەی ناویان لەخۆیان ناوە(اهل السنة والجماعة)، هەردووک کتێبی سەحیحی بوخاری و موسلیم بە دوو بەوا پێکراوترین کتێب دێن و زۆرێک لە فەتواو ئەحکامە شەرعیەکان، لەو دوو کتێبەوە هەڵێنجراون و ئەو دوو کتێبە دایکی ئەحکامەکان و سەرچاوەی ئەحکامەکانن.

.....

*عەدنان ئیبراهیم، حەسەن بەنای ئیخوان مامۆستای فەشەل و شکست! و:محەمەد هەریری.

*مەلا بەختیار، (دیموکراسی و دوژمانی)، ل١٦٣.

*سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢.

*هەمان سەرچاوە، ل١١٢.

---

# پەردەلادان لە پەستەری "دەروازەی خەونەکان" لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی بەرلین..

پەستەری بەگەفیلمی "دەروازەی خەونەکان" بە وێنەیەک لە کچانی جەنگاوەری کەبانێ

**مەنسوور جیهانی ـ**

پەستەری ئینگلیزیی بەگەفیلمی سینەمایی دکیومێنتاری "دەروازەی خەونەکان" لە دەرهێنانی "نگین ئەحمەدی" و لە بەرهەمهێنانی "ئیلاهە نەوبەخت" هاوکات لەگەڵ بەشداری لە بەشی رکابەریی "نەوەکان"ی حەفتا و سێهەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بەرلین" لە وڵاتی ئەڵمانیا پەردەی لەسەر لادرا.

بەگەفیلمی سینەمایی "دەروازەی خەونەکان" (دروازە رویاها) DREAMS' GATE لە دەرهێنانی سینەماکاری پاوێیی "نگین ئەحمەدی" و لە بەرهەمهێنانی خاتوو "ئیلاهە نەوبەخت" لە یەکەمین نمایشی جیهانی خۆیدا لە بەشی پشبەکەی "نەوەکان" Generations لە حەفتا و سێیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بەرلینالە" Berlinale

لە وەاتی ئەمانیا نمایش دەکرێت و بە بەدەستهێنانی خەاتی ئەم بەشە، لەگەڵ بەرهەمی وەاتانی جەراوجەری جیهان ەکابەری دەکات.

پەستەری ئینگلیزیی "دەروازەی خەونەکان" بە وەنەیەک لە کچانی جەنگاوەری کەبانە لە خەبات دژی تاقمی تیرەریستی داعش؛ لە لایەن "ئیحسان بەرئابادی" بە بەشداری کردن لە بەرلینالە دیزاین و داهێنانی بە کراوە و بە ئامانجی ئاشناکردنی بینەران و بەردەنگەکان لەگەڵ ئەم بەرهەمە سینەمایە بەاوکراوەتەوە.

ئەم فیلمە کە بەرهەمهێنانەکەی زیاتر لە شەش ساڵی کات خایاندووە، چیرۆکی کچێکی ەێزدەەاتی کوردستان بە بینەر دەگەێنێتەوە کە بە دوای بەشێک لە شووناسی خەیاڵی بە کامەاکەی دەچێتە ناو کچە شەڤانەکانی کەبانییەوە؛ کچانێک کە نە تەنیا لەگەڵ داعش، بەکوو بە جیهانی خەیانیش شەشیان کردووە.

ئەمجارە، خودی فیلمساز و کامەاکەی هاوەڵی دەبن لە ەووبەوبوونەوە لەگەڵ جیهانی دەوروبەری ژنانی خەباتکار و ئەو بایخانەی کە شەڕی بە دەکەن.

بەرهەمهێنان و بەاوکردنەوەی نەودەوەتی ئەم بەرهەمە بەگەفیلمە سینەماییە، لە ئەستەی ەەکخراوەی سینەمایی "تەسویر گوستەر ئیلاهەی پارسی" (ئیلی ئیمەیج) Eli Image بە بەرپرسیاریەتی خاتوو ئیلاهە نەوبەختە.

ئەم سێیەمین ئامادەبوونی "ئیلاهە نەوبەخت" وەکوو بەرهەمهێنەر لە فەستیڤاڵی نەودەوەتی فیلمی "بەرلین" دەتەئژمار؛ ساڵی پاریش ئەو بە بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی "ەەژی سەو" (روز سیب) The Apple Day لە دەرهێنانی "مەحموود غەفاری" لە "بەرلینالە" ئامادەبوو.

ستافی ئامادەکردنی بەگەفیلمی سینەمایی "دەروازەی خەونەکان" بریتین لە:
دەرهێنەر: نگین ئەحمەدی، بەرهەمهێنەر: ئیلاهە نەوبەخت، وێنەگر: نگین ئەحمەدی، مۆنتاژ: لوقمان سوخەنوەر، نووسەران: نگین ئەحمەدی، فەرزانە فەتحی، مۆسیقا: حوسێن میرزاقولی، دەنگهەگر: بەهنیا یۆسفی، چاککردنی ەەنگ و لابەاتوار: سامان مەجدوفایی، بەرپرسی بەرهەم لە ەەژئاوا: تەیم حوسێن Taim Hussein، بەەەوبەری نەودەوەتی: مینا عەلیخانی، بەرهەمهێنەرانی هاوکار: حەمیدەەزا تەبەرایی (ئاوا ستەدیۆ Ava Stadios پاریس)، ستەفان لەبەەن Stephanie Lebrun لە کەمپانیای بابل داک Babel doc، هاوارد

وەتلەند کەسە Håvard Wettland Gossé، بەڕێوەبەری ئاگەیاندنی گشتی: مەنسوور جیهانی، بەرهەمی هاوبەشی وەاتانی ئیران، فەرانسا و نەوەژ، ساڵی بەرهەهەنان: 2022.

حەفتا و سێیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بەرلین" بە بەرپرسیاری خاتوو "ماریتە ریسنبەک" Mariette Rissenbeek و بە دەرهەنانی هونەری "کاڵە چاتریان" Carlo Chatrian لە چەندین بەشی پشبەکی و دەرەوەی پشبەکی لەوانە؛ بەشی پشبەکی "سەرەکی"، بەشی پشبەکێی "نەوەکان" Generations، بەشی پشبەکێی "فۆرم" Forum، بەشی پشبەکی "کورتە فیلم"، بەشی پشبەکی "بەگژفیلم" و چەندین بەشی دەرەوەی پشبەکی لەوانە؛ بەشی "پانۆراما"، بەشی "نمایشی تایبەت"، بەشی "نمایشی سینەمای کلاسیک" و … لە ڕۆژانی 16 تا 26ی فێبریوەری 2023 لە شاری بەرلین لە وەاتی ئەڵمانیا بەڕێوەدەچێت.

بۆ زانیاری زیاتر:
https://www.berlinale.de/en/2023/programme/202302234.html

بەڕێوەبەرایەتی ئاگەیاندنی گشتی فیلمی "دەروازەی خەونەکان".

---

# هەپی بەیاز.. پشکۆ ناکام

کە مناڵ بووین لە ساڵانی شەستەکانا ، فیلمێکی کاوبۆی"عصابة" هەبوو کە زۆر لامان خۆش بوو ناوی"الشجعان الخمسة" واتا "پێنج کوڕە ئازاکە" بووکە یەکێکیان "جولیانو جیما" ئەکتەری ناوداری ئیتالی ئەو سەردەمە بوو ، ، ، ئەم پێنج کوڕە ئازایە ئەچوونە شارێکەوە کە زۆلاڵەتی بوو بەدەست کەمڵە چەتە و شۆفڕشەوە ، بەکوردییەکەی"سەرسەری" بوون، دەستیان بەسەر شارا گرتبوو و پارەی"بانک"ێکە شیان داگیر کردبوو ، ئەمە بوانمان ئەووت خائینەکان و بۆر هەرشی پێنج کوڕە ئازاکە ئەکەوتن و هەر هەموویان تیا ئەچوون و ئەمەش بە چەپڵە ڕەزان بە پێنج کوڕە ئازاکە تا دوا دەقیقەی فیلمەکە سەیرمان ئەکرد… ئەم یادگارییەم بۆیە هاتەوە یاد ئەمڕۆ بەناو حکومەتی هەرێم لەگەڵ بۆغا ئەگەنە وەزعێکی چەقیوو " کە زوو زووش ئەچەقن !!" بە پێڵە وەفدێکی پێنج کەسی ئەنێرێتە بۆغا

گوایا بۆ عەقڵ و ئیدراکی خۆیان لەو سەرسەریانەی بۆغا نەجاتمان ئەیێن ،!! و پێنج کوڕە ئازاکەی هەرێم ئەوانە چوون بۆ بۆغا کە هەر یەکەیان جانتایەکی سەفەری لە شوێنی ئیشکەیەتی هەر کە تاڵەفانیان بۆ کرا یەکسەر بڕو فایلانەی نە کەم و نە زیای کردوە تا بۆغا ناوەستن..لە هەموو خەڵکی کوردستان جگە لەم پێنج کوڕە ئازایە کەسی تر شک نابرێ کە بتوانێ لەسەر مەسەلەی نەوت و گاز قسە لەگەڵ بۆغایا بکەن ، یەکەکیان ئەوانە لە نەوتا شارەزایە بۆیانیان بۆ موزەفەکانی ئەڵێ "نەوتتان باش" ، ئەوەی تریان ئەوانە مەعلوماتی ئەکادیمی لەسەر"گاز" هەیە کە زەر جار گازی داخڵێ و مەعیدە و گازی سروشتیی ژەر ئەرزی لە تەک ئەچێ !! کوڕە ئازایەکی تریان بەرپرسی کارەبای هەرێمە کە دەڤانە شش ساعات هەیە ، واتا ئەتوانین بڵێین بەرپرسی یەک لەسەر چوار"وبعەکی" کارەبای هەرێمە ، کوڕە ئازایەکی تر هەر ئەوانە ئەزانێ کە سەپا بۆ نەوت ئیش ئەکا ! ئازایەکی تریان بۆ مەسەلەی زمان و لە یەکتر گەیشتنیش کوردیەکەی ئەوانە باشە کە" کاها" و "کاەک" لەیەک جیاناکاتەوە ، جا نازانم گەر بیکا بە عەرەبی لە جیاتی " بضاعة" ئەڵێ " بطیخ" …

….لەو هەموو گرفتە گەورە و قورسانەی بەهەی سیاسەتی ناشیانەی نەوت و ئابووری هەرێم ئەو خەڵکە قوربەسەرە تووشی بوە بەناو حکومەتیش جگە لە پێنج کەس ئازا (نە)گەڵەکە کەسی تری نیە بۆ تەنگیەوە بۆ ، ئەمانە ئەوانە شارەزان بۆ چوون بۆ نان خواردنیش تاڵەفەن بۆ هەوڵێر ئەکەن ،، ئەم پێنج کوڕە ئازایە ئەوانە دوورن لەو کارەی پێیان ڕاسپێراوە کە هەر لە خەتەوە و لە تۆپیا حزب ئەکەی خائینەکان بیبەنەوە ، چونکە هەردوو لا و هەر یەکەی بە نەوعە قوی کردوە بەسەر شارەکیا ، "شەریف" کەی خائینەکان هیچ نەبە کە دزی ئەکرد شتەکی بۆ خەڵکی شارەکە سەرف ئەکرد ، گەر" جولیانو جیما" چوار کوڕە ئازاکەی تر بۆ دەمانچە شارەکیان ڕزگار ئەکرد ، پێنج کوڕە ئازاکەی هەرێم هیچ دەسەاتەکیان نیە بۆ دەرهێنانی خەڵک لەو میحنەتەی تیایا ئەژین…

لەوانەیە چارەسەرێک ئەوەبە کە پێنج کوڕە ئازاکەی هەرێم بگەڕێن بۆ پێنجی"تورک" چونکە دوا جار شەریفی شارەکە پارەی بانکی شارەکەی لە "تورکیا" شاردەتەوە ، بەشی پێنج کوڕە ئازاکەی لە یاوە و باقیاتی دەوانەی ئەوە کردوە !! یەگجاری ئەوان ئەبن و ئەتوانن ببن بە پێنج کوڕە ئازاکە ، پێنجە ئازاکەی لای خەمان تەنیا وەک"حەمەی بڕید" ئەچن بۆ بۆغا و دەسەاتیان مساویە بۆ "هەپی بیاز"….